دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٠٠
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨٣
٥ی نوامبری ٢٠٠٤
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## نامەی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ جۆرج بووش


**بەڕێز پریزیدێنت بووش!**
**سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!**

سەرکەوتنی بەڕێزتان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا بۆ جاری دووهەم، جێی خۆشحاڵیی ئێرانییەکان بە گشتیو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتییە. بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەینو هیواداریین لە دەوری دووهەمی سەرکۆماریتاندا یارمەتیدەرێکی جیددیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بن لە رووخاندنی حکوومەتی تیرۆریست پەروەرو دژی ئازادیو دێموکراسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو هێنانەسەرکاری حکوومەتێکی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا.

لە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دنیا زۆر خۆشتر دەبێ

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتێری گشتی**
**مستەفا هیجری (٣ی نوامبری ٢٠٠٤)**

# جۆرج بووش
# بۆ جاری دووهەم بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا



لە هەڵبژادرنی سەرۆك کۆماریی ئەمریکادا کە دوای ساڵێك بانگەشەی توندی نێوان دوو کاندیدای کۆماریخوازو دێموکرات، رۆژی سێشەممە ١٢ی خەزەڵوەر بەڕێوەچوو، کاندیدای حیزبی کۆماریخواز پرێزیدێنت جۆرج بووش بۆ جاری دووهەم بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا.

بەپێی دوایین ئامار راگەیەنراوەکان بووش بە مسۆگەر کردنی زۆرینەی دەنگی کالیجەکانی هەڵبژاردنو هەروەها زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بە سەر رکەبەرەکەی، جان کێریدا سەرکەوت.

جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا سەعات ٣ی دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە بەکاتی واشینگتۆن سوپاسی لە پێشوازیی دەنگدەرە ئەمریکاییەکان لە ململانێی هەڵبژاردنی خۆیدا کرد. ئەو لە ئاخاوتنی فەرمیدا بە بۆنەی هەڵبژێرانی دووبارەی بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکاوە وێڕای قەدرزانی کورتی لە هاوکارانو لایەنگرانی خۆی، خەڵکی ئەمریکای بۆ یەکیەتی بانگهێشتن کردو گوتی: لە چوار ساڵی داهاتوودا بۆ باش کردنی ئابووریو پەروەردە هەوڵ دەداو یارمەتیی دێموکراسییە تازە دامەزراوەکانی ئەفغانستانو عێراق دەکا بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆیان راوەستن. ئەو گوتی: ئەمریکا بەبڕوا بەخۆبوونو ئیمانەوە بەرەوپێش دەڕوا. سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەروەها گوتی: پێشوازی لە هەڵبژاردن لە مێژوودا وێنەی نەبووە.

شایانی گوتنە هاوکات لەگەڵ دەنگ وەرگرتن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، خەڵکی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمانو یەك لە سێی ١٠٠ ئەندامەکەی مەجلیسی سەناش چووبوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانو ئاکامەکانی دەنگدەران لەم بوارەدا سەرکەوتنی حیزبی کۆماریخوازو زیادبوونی زۆرینەی ئەو حیزبە لە سەناو مەجلیسی نوێنەران دەردەخەن.

دروشمی نوێو ئەرکەکانی داهاتوومان ٢
پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ تۆنیبلێرو وەلامی تۆنی بلێر ٢
کوردەکان لەخەو رادەپەڕن ٤
گرنگیی ئامادەیی کاراکتەری ژن ٥
ناسیونالیزمی مەدەنی یان.... ٨
شەڕ لەپێناوی ئاشتیدا ٩

## کارنامەی نیگاتیڤی ئاسیاو رۆژهەڵاتی نێوەراست
## لەبواری ئازادیی چاپەمەنیدا

**ئێران گەورەترین بەندیخانەی رۆژنامەنووسانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا**

رێکخراوی "هەواڵنێرانی بێسنوور" سێهەمین راپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبواری ئازادیی چاپەمەنیو راگەیەنەکان لەجیهان دا بڵاوکردەوە. ئێران یەکێك لە دە وڵاتەکەی خوارەوەی خشتەکەیە.

ئەو رێکخراوە کە لە پاریس جێگیرە دەڵێ بەپێی راپۆرتی ساڵانەی ئەو، ئازادیی چاپەمەنی زیاتر لە هەر جێگایەکی جیهان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیاو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەترسیی لەسەرە.

بەپێی ئەو راپۆرتە، کورەی شیمالی لە ڕیزی ١٦٧ واتە لە قووڵایی خشتەکە، بێرمە لە ریزی ١٦٥، چین لە ریزی ١٦٢و ویتنام لەریزی ١٦١دا هەڵکەوتوون کە هەموویان لە رۆژهەڵاتی ئاسیانو دوای ئەوان وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ وێنە عەرەبستانی سعوودی لە ریزی ١٥٩و ئێران لە ریزی ١٥٨دا هەڵکەوتوون.

ئەو رێکخراوە دەنووسێ: "لەو وڵاتانەدا، راگەیاندنی سەربەخۆ بوونییان نیە یا هەواڵنێران بەشێوەیەکی رۆژانە لەگەڵ سەرکوتو سانسۆڕ بەرەوڕوون. ئازادیی زانیاریو ئاسایشی هەواڵنێران لەو وڵاتانەدا گرەنتییان نیە.

رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ کورەی شیمالیدا دەڵێ حکوومەتی ئەو وڵاتە هەواڵنێران ناچار دەکا "لە خزمەتی پیرۆزکردنی کەسایەتیی سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە واتە کیم جونگ ئیل دابن."

رێکخراوەکە هەروەها دەنووسێ: "ئێران بە سەرنجدان بە لە بەند دابوونی ١٤ رۆژنامەنووس، گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانە لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا".

ئەو رێکخراوە بە ئاماژە کردن بە هەڵسوکەوتی نیهادە موحافزەکارەکان بۆ وێنە دەزگای قەزایی ئێران دەڵێ: "موحافیزەکارەکان کە زیندانی کردنی رۆژنامەنووسانیان پێ کەم بوو، لە ساڵی ٢٠٠٤دا دەستیان کرد بە سەرکوتی بەبەرنامەو رێکوپێکی ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان، کە دوای گرتنو بەستنی هەمیشەیی زۆربەی رۆژنامە رێفۆرمخوازەکان وردە وردە لە گۆشەو کەناری ئینتێرنێت دا دەرکەوتن." ئەو راپۆرتە جگە لە خراپیی بارودۆخی هەواڵنێران لە ئاسیاو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەروەها ئاماژە دەکا بە "پەڵە رەشەکان"ی دیکەی جیهان وەك کووباو دەڵێ ئەو وڵاتە بە ٢٦ رۆژنامەنووسی بەندکراو دوای چین (بە ٢٧ رۆژنامەنووسی بەندکراو)، دووهەمین زیندانی گەورەی هەواڵنێرانی جیهانە.

لەو ریزبەندییەدا کووبا دوای کورە شیمالی خراپترین نومرە لەبواری ئازادیی چاپەمەنیدا وەردەگرێ. ئەو راپۆرتە هەروەها ئاماژە دەکا کە مەرگهێنەرترین شوێنی جیهان بۆ هەواڵنێران عێراقەو لە مانگی مارسەوە تا ئێستا ٤٤ هەواڵنێری عێراقیو بیانی لەو وڵاتەدا کوژراون.

**وڵاتانی ئازاد**

بەپێی ئەو راپۆرتە بەربڵاوترین ئازادیی چاپەمەنییەکان لە شیمالی ئورووپا لە وڵاتانی دانمارك، فیلاند، ئیرلەند، هولەندو نۆروێژو هەروەها لە ئیسلەندو زیلاندینوێ لەگۆڕێ دایە.

وڵاتانی دیکەی هەژار بەڵام دێموکراتیکی وەك ئێل سالوادۆرو کۆستاریکا لە ئەمریکای ناوەندیو نامیبیا لە ئەفریقا هەڵکشاون بۆ ریزەکانی سەرەوەی خشتەی ئازادیی چاپەمەنی.

## تورکیە رایەڵکە سیخورییەکانی خۆی لە کوردستانی عێراق پەرە پێدەدا

هەواڵنێری فارس: تورکیە بەمەبەستی پێشگرتن لە بوونی کەرکووك بە پێتەختێك بۆ دەوڵەتی کوردی، رایەڵکە سیخورییەکانی خۆی لە کوردستانی عێراق بەرین کردەوە.

وەك رۆژنامەی ئەماراتیی "البیان" نووسیویەتی، ئەو گەڵاڵەیە دوابەدوای کۆبوونەوەی دەوڵەتی رەجەب تەیب ئۆردوغان سەرۆك وەزیری تورکیە لەگەڵ فەرماندە نیزامییەکانی ئەو وڵاتە بۆ باس سەبارەت بە هەموو ئەو سیناریۆیانە کە لەوانەیە بۆ داهاتووی عێراق لەگۆڕێ دابن، ئاشکرا بوو. رۆژنامەی "جمهوریت"ی تورکیە لەو بارەوە نووسی: وتەکانی مەسعوود بارزانی رێبەری پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە ئانکارا کە بەپێی ئەوان کەرکووك دڵی کوردستانە، بۆتە هۆی نیگەرانیی سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی تورکیە. بەشوێن ئەوەدا ئەو دوای پێك هاتنی کۆبوونەوەیەکی کرد بە ئامادە بوونی فەرماندەرە پایەبەرزەکانو بەرپرسانی دەوڵەت تا ئەو مەسەلەیەی تێدا تاوتوێ بکرێ. ئەو رۆژنامەیە لە درێژەدا دەنووسێ هەر لەو پێوەندییەدا ئەحمەد نجدەت سیزەر سەرۆك کۆماری تورکیە لەگەڵ حیلمی ئۆوزکووك سەرۆکی ستادی ئەرتەشی تورکیە کۆبوونەوەیەکی پێك هێناوە.

سارچاوە: ماڵپەڕی یارسان

## پێشنیاری نوێی فەرانسە بۆ ئێران

میشل بارنێر، وەزیری دەرەوەی فەرانسە داوای لە ئێران کردوە تا بە جێگای ئەوەی کە رابگەیەنێ چڕکردنەوەی ئۆرانیۆم بۆ شەش مانگ راگرێ، رابگەیەنێ بەگشتی واز لە چڕکردنەوەی ئۆرانیۆم دێنێ.

ناوبراو لەم بارەیەوە روونی نەکردەوە کە ئاخۆ ئەم هەڵوێستە نوێیە جۆرێك پاشەکشە لە هەڵوێستی پێشووی وڵاتە ئورووپاییەکانە کە لە ئێرانیان ویستبوو بەتەواوی پرۆگرامی چڕکردنەوە وەلابنێو لەبەرانبەردا تێکنولۆژیی ناوکی وەرگرێو وتووێژە تیجارییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتە دەست پێکاتەوە. بەرپرسە فەرانسەیی، بریتانیاییو ئەڵمانییەکان رۆژی هەینی (٥ی نوامبر) چاویان بە بەرپرسە ئێرانییەکان دەکەوێ. وەزیری دەرەوەی فەرانسە وتوویەتی بەرپرسە ئورووپاییەکان بەخۆش بینییەوە لەو وتووێژانەدا بەشداری دەکەن.

پێشتر محەممەد خاتەمی، سەرۆك کۆماری ئێران، جارێکی دیکە لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەهەوڵدان بۆ دەسڕاگەیشتن بە تێکنولۆژیی ئاشتیئامێزی ناوکی پێیداگرتەوەو لەپێوەندی لەگەڵ فایلی ناوکیی کۆماری ئیسلامی کە لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیدا هاتۆتە گۆڕێ وتی کە "ئەگەر وڵاتەکان بەدوور لە فشاری نابەجێی ئەمریکا هەڵسوکەوت بکەن، فایلی ئێران شیاوی بەسترانە." ئەو وێڕای دووپات کردنەوەی هەڵوێستەکانی ئێران کە لەچوارچێوەی پەیمانی قەدەغەبوونی بڵاوبوونەوەی چەکە ناوکییەکاندا (کە ئێران ئیمزای کردوە) گوتی ئەم وڵاتە دەبێ بتوانێ دەستی بە تێکنولۆژیی ناوکی رابگا، هەروەها گوتی ئێران بەهیچ شێوەیەك لەمافی بێ ئەملاو ئەولای خۆی خۆش نابێ.

### لە پارلمانی ئورووپا پەسندکرا
## بڕیارنامە لەدژی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا

پارلمانی ئورووپا رۆژی پێنج شەممە (٧ی خەزەڵوەر) بە دەرکردنی بڕیارنامەیەکی توند، ئێرانی سەبارەت بە گرتنی رۆژنامەنووسان، وێبلاگنووسانو چالاکە ئینتێرنێتییەکانو هەروەها ئەو حوکمە قورسانەی لەسەر تاوانبار کراوە ژێر ١٨ ساڵەکان دەرکراون مەحکووم کرد. یەکیەتیی ئورووپا هەروەها لە دەوڵەتی هولەند کە سەرۆکایەتیی ئەو یەکیەتییەی لە ئەستۆیە داوای کرد مەسەلەی گرتنی رۆژنامەنووسانو وێبلاگنووسەکان لەگەڵ حکوومەتی ئێران بێنێتە گۆڕێو خوازیاری ئازادیی ئەوان بێ. لەم بارەیەوە فەرەح کەریمی نوێنەری پارلمانی هولەند بە رادیۆ فەردای گوت بەڵێن وایە ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆش لە پارلمانی هولەندا تاوتوێ بکرێ.

رادیۆ فەردا

## سەرۆك کۆماری عێراق
### ئێرانی بە دەستێدابوون لە کوژرانی ١٨ مەئمووری ئیتلاعاتیو پشتیوانی لە هێزە نەیارەکانی دەوڵەتی عێراق، تاوانبار کرد



سەرۆك کۆماری عێراق لە درێژەی سەفەری چەند رۆژەیدا بۆ کوێت کە ئەمڕۆ کۆتایی پێهات، لەوتووێژێك لەگەڵ رۆژنامەی "القبس"دا وتی: رێژیمی ئێران دەستی لە کوشتنی ١٨ مەئموری ئیتلاعاتی عێراق دا بووە. ناوبراو سەبارەت بە قوربانییان، شێوەی کوشتنەکانو رۆڵی ئێران لەم کارانەدا زانیارییەکی بەدەستەوە نەدا.

ئاغای یاوەر هەروەها گوتی: ئێران لە ناوچەکانی باکووری عێراق خەریکی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە دایە. ناوبراو وردە کارییەکانی ئەم دەستێوەردانەی ئاشکرا نەکرد. کاربەدەستانی عێراق، لەنێویان دا وەزیری بەرگریی وڵاتو سەرۆکی رێکخراوی دژی ئیتلاعاتی عێراق لە درێژەی چەند مانگی رابردوودا بەشێوەی رەسمی وتوویانە، ئێران لەرێگای مەئمورانی ئەمنییەتیو دەستوپێوەندەکانی سپای بەدر شیعە توندڕەوەکانی دیکەوە، خەریکی خراپکارییە لە عێراق دا. رێژیمی ئێران ئەم تۆمەتانەی رەت کردۆتەوە.

## تێکهەڵچوون لە زانستگەی عیلمو سەنعەت دا

تێکهەڵچوونو بارمتەگرتن لە زانستگەی عیلمو سەنعەت دوای قسەکانی مستەفا تاجزادەو ئیبراهیم یەزدیو نارەزایەتی دەبڕینی تاقمێك کە خۆیان بە بەسیجی خوێندکاریو دەستەیەك لە ئەنجومەنی ئیسلامی ئەو زانستەگەیە دەناساند دەستی پێکرد. دوکتور ساڵحی سەرۆکی زانستگە بۆ ماوەی چەند سەعات بارمتەی حیزبوڵلاهییەکان بوو. دوکتور ساڵحی یەکەمین سەرۆکی زانستگەیە کە لەرێگای هەڵبژاردنی کۆڕی زانستیی زانستگەوە بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێراوە. بەسیجییەکان بەو هەڵبژاردنە نارازین.

شووڕای زانستگەی عیلمو سەنعەتی ئێران بە دەرکردنی بەیاننامەیەك کردەوەی حیزبوڵلاییەکانی بە بێشەرمانە داناوە.

بەرپرسی نوێنەرایەتیی ولییفقیه لە زانستگەی عیلمو سەنعەت لەنێو دنەدەرانی حیزبوڵلاییەکان بۆ هێرش بۆ سەر سەرۆکی زاستگە دابوو.

ئەندامانی لێژنەی زانستیی زانستگەی عیلمو سەنعەت بۆ دەربڕینی نارەزایەتییان مان دەگرن.

## هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر را پۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم دا

بەشێکی گرینگ لە راپۆرتی ساڵانەی "محمد البرادعی" سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بۆ کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان پێوەندیی بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بوو. مەهدی دانش یەزدی، جێگری سەفیری کۆماری ئیسلامیی ئێران وتی: کۆماری ئیسلامی ساغ بۆتەوە لەسەر ئەوەکە لەمافی بێئەملاو ئەولای خۆی لە سوود وەرگرتن لە وزەی ناوکی بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانە کەڵك وەرگرێ.

حوسێنی موسەوی رۆژی دووشەممە لە تاران وتی: بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان، ئێران ئامادەیە ٢ تا ٦ مانگ چڕکردنەوەی ئۆرانیوم ڕاگرێ. داخوازییەکانی ئورووپا لەسەر راگرتنی چڕکردنەوەی ئۆرانیۆم لە ئێران بۆ هەمیشە، داخوازی رێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ناوکییشە.

سەرۆکی رێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم بەدوای پێشکەش کردنی راپۆرتی ساڵانەی خۆی بە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هەواڵنێرانی وت: ئێمە دەبێ لەنێوان مافی ئێران لە کەڵك وەرگرتن لە تیکنولۆژیی ناوکیو نیگەرانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بە هاوسەنگییەك بگەین، لەم بوارەدا هەر بەرنامەیەکی ناوکی دەبێ ئامانجگەلێکی ئاشتیخوازانەی لەپشت بێ.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 400 5 Nov 2004

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com


e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


## بەرهەمی نوێ

### ڕێزمانی ئینگلیزیی زاگرۆس

### (ڕێگەیەکی ئاسان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی)




ئەم بەرهەمە یەکێکە لەو سەرچاوە بەسوودو زانستی‌یانەی فێرخوازە کوردەکان دەتوانن بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی کەلکی لێ وەرگرن‌و یەکەم بەرهەمی نووسینی لاوی خاوەن بەهرە یووسف فەقیهی‌یە. ئەم بەرهەمی کە لە دوو تویی کتێبێکی قەوارە (A4)و لە ٢٠٠ لاپەڕەدا لە چاپەمەنیی گەنج لە سلێمانی (٢٠٠٤٩) چاپ کراوە لە بڵاوکراوەکانی کتێب فرۆشیی سۆرانە لە هەولێر.

## ئیتالیا بۆتە بەرپرسی پێك هێنانی كلاوشینە فەرهەنگی‌یەکان



ئیتالیا بەرپرسایەتیی پێك هێنانی كلاوشینە فەرهەنگی‌یەکانی هێزە تایبەتی‌یەکانی یونسکۆی وەئەستۆ گرت. ئەرکی ئەو هێزانە پارێزگاری لە شوێنەوارە فەرهەنگی‌یەکانی جیهانە لەو ناوچانەی شەڕیان تێدایە یان لەو ناوچانەی تووشی کارەساتی سروشتی بوون. جولیا ئوربانی وەزیری فەرهەنگو پاراستنی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی ئیتالیاو کوئیچورا ماتسواورا بەرپەرسی یونسکۆ، دامەزراوەی فەرهەنگیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی چوارشەممە لە پاریس ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد کە بەپێی ئەو ئیتالیا بەرپرسایەتیی پێك هێنانی هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان لە پێنج وشکایی‌یەکانی زەوی وەئەستۆ دەگرێ. دەستەی زەربەتی تایبەت لەسەر داوای دەوڵەتی ئەو وڵاتانەی کە شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانیان لەئاکامی شەڕ یا لافاو و بوومەلەرزە کەوتبێتە مەترسی‌یەوە دەسبەکار دەبێو لە نزیکەوە ئەرکی پاراستنی شوێنەوارە فەرهەنگی‌و مێژوویی‌یەکان وەئەستۆ دەگرێ. بەرپرسایەتیی هاوئاهەنگ کردنی كلاوشینە فەرهەنگی‌یەکان لە ئەستۆی یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی فەرهەنگو پاراستنی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی ئیتالیا "جوزیە پوریتی"یە کە بەرپرسایەتیی دەستەی نێردراو بۆ ئەرکی "بەم"یشی لەدوای بوومەلەرزەکەی ساڵی ڕابردوودا لەئەستۆ بوو.

## فیلمی ژیانی ڕەی چارلز خرایە سەرپەردە



یەکێك لەو فیلمانەی کە ڕۆژی هەینی (٨ی خەزەڵوەر) لە سینەماکانی ئەمریکادا نیشان درا، بەبڕوای ڕەخنەنووسە سینەمایی‌یەکان دەکرێ شانسی بردنەوەی خەڵاتی ئۆسکاری هەبێ. ئەم فیلمە کە ناوی "ڕەی"ە چیرۆکی گۆرانیبێژو پیانۆژەنی ئەمریکایی ڕەی چارلز دەگێڕێتەوە کە ژیانی ئاوێتە بوو لە سەرکەوتن‌و گرفتاری. ری چارلز کە چوار مانگ لەوەپێش کۆچی دوایی کرد، لەنزیکەوە ئاگای لە دروست کردنی فیلمەکە بوو. ڕەی چارلز کە لە شاری هەژارنشینی جۆرجیا لەدایك ببوو لە تەمەنی حەوت ساڵی‌دا کوێر بوو. لە فیلمەکەدا جیمی فاکس ڕۆڵی ئەو دەگێڕێ.

## گوازرانەوەی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی بۆ تاران



ئەدەبی کوردی و دواکەوتنی چاپی ژمارەکانی دوسەدوحەڤدەو دووسەدو هەژدەهەمی گۆڤاری سروە، ئەو ناوەندە لە ورمێوە گوازرایەوە بۆ تاران‌و بە حوکمێك حسێن گودەرزی کرایە بەرپرسی ئەو ناوەندەو ژمارە ٢١٧ی حەوتوونامەی سروە بە سانسۆرکرانی زۆربەی بابەتەکانی چاپ کرا. لەلایەکی دیکەوە سەید بورهان ئیبراهیمی تا کۆتایی کاری ڕاگەیشتن بەو سکاڵایەی لەلایەن دەفتەری ڕێبەریی ڕێژیمەوە لێی کراوە، لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە کراوە.

دوای لە سەرکار لابردنی سەید بورهان ئیبراهیمی لە سەروکایەتیی ناوەندی پەرەپێدانی کولتوور و

## فیلمسازێکی هولەندی کوژرا

تئۆ وۆن گووگ، فیلمسازی هولەندی کە فیلمێکی پڕگێچەڵی لە بارەی فەرهەنگی ئیسلامی دروست کردبوو، لە شاری ئامێستێردام بە چەقۆو گوللە هێرشی کرایە سەرو کوژرا.

پۆلیسی هولەند دوای تەقەو لێکدان لە پارکێك دا پیاوێکی لە نزیك شوێنی قەتڵەکە دەسگیر کرد. بە وتەی پۆلیس ئەو گومانلێکراوە ٢٦ ساڵەیەو شارۆمەندیی هولەندو مەراکێشە.

وۆن گووگ، ٤٧ ساڵە، دوای ئەوەی فیلمەکەی لەژێرناوی "تەسلیم" لە تلویزیۆنی هولەند بڵاو بۆوە هەڕەشەی کوشتنی لێ‌کرابوو. ئەو فیلمە باس لە توندوتیژی لەدژی ژنان لە کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکان دا دەکا.

فیلمەکە بە یارمەتیی "عەیان حەرس عەلی" سیاسەتوانێکی هولەندی چێ‌کراوە. عەیان حەرس عەلی لە بنەڕەت ڕا خەڵکی سۆمالی‌یە کە بۆ ڕاکردن لە بەشوودانی زۆرەملی لە وڵاتی هولەند بۆتە پەنابەر.

خاتوو عەیان حەرس عەلییش کە وازی لە ئیسلام هێناوە هەڕەشەی کوشتنی لێ‌کراوە. لە دوای بڵاوبوونەوەی فیلمەکە لەژێر چاوەدێریی پۆلیس دایە.

فیلمی "تەسلیم" سەرگوزەشتەی ژنێکی موسوڵمان دەگێڕێتەوە کە ناچار کراوە مل بە شووکردنێکی نەخوزراو بدا، هاوسەرەکەی هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ دەکاو مامیشی دستدرێژیی پێ‌دەکا.

لە یەکێك لە دیمەنەکانی فیلمەکە دا، هونەرپیشەیەکی ژن کە ئایاتی قورئانی لەسەر جەستەی نووسراوە، بە جلێکی ناسك‌و تەنکەوە (نیوە ڕووت) دەردەکەوێ. شوێنەواری قامچییش لەسەر جەستەی ژنەکە بەدی دەکرێ.

هولەند شوێنی نیشتەجێ بوونی نزیکەی یەك میلیۆن موسوڵمانە کە ٥/٥ لە سەدی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دێنن. یەکێك لە هاوکارانی فیلمسازەکە لە کۆمپانیی بەرهەمهێنەری فیلم گوتی کە وۆن گووگ هەڕەشەی کوشتنی لێ‌کرابوو، "بەڵام هەرگیز ئەو هەڕەشانەی بە هێند نەگرت". ئەو بە هەواڵنێریی ڕۆیتێری گوت: "گووگ سیمایەکی جەنجاڵی‌و قارەمانی ئازادیی ڕادەربڕین بوو".



BBC



رەئووف خەتیبی
xetibi2003@yahoo.com

## بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ٤٠٠ی "کوردستان"ەوە

بەر لەماڵاوایی

ع.وریا

ئەم ژمارەیەی "کوردستان" لەنێو ژمارەکانی دیکەو، لەمێژووی ئەم ڕۆژنامەیەدا، جێگایەکی تایبەتی هەیە. پاش تێپەڕینی نزیکەی ٣٤ ساڵ لە تەمەنی ئەم دەورەیە، "کوردستان" گەیشتوە بە چوارسەدەمین ژمارەی خۆی!

ئەوکاتەی "کوردستان" لەم دەورەیەی دەرچوونی گەیشتە سەدەمین ژمارەی خۆی (ڕەزبەری ١٣٦٣)، بەداخەوە من شانازیی ئەندامەتیی دەستەی نووسەران‌و بنەماڵەی "کوردستان"م نەبوو و دووراودوور و، تەنیا لە ڕێگای وتارێکی تایبەت بەم بۆنەیەوە کە "کوردستان" بڵاوی کردەوە، لە گرنگیی گەیشتنی ئەم ڕۆژنامەیە بە سەدەمین ژمارەی گەیشتم‌و بۆ یەکەم جار مێژووی کورتی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی "کوردستان"م خوێندەوە. دواتر کە بەخت یارم بوو و بووم بە ئەندامێکی خۆمانەی بنەماڵەی "کوردستان"، گەیشتنی کوردستان بە ژمارەکانی ٢٠٠ و ٣٠٠، بوو بە جێژنی مەمانانیش.

لەنێو نووسەران‌و کارگێڕانی "کوردستان"و پێرسیۆنێلی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، ڕەسم وابووە کە گەیشتن بە ژمارە سەدەکان‌و تێپەڕینی هەر دە ساڵێك لە تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیە، بە شادی‌یەوە پێشوازیی لێ کراوەو، وێڕای نووسرانی وتارو بابەت لە بارەیانەوە، کۆڕو کۆبوونەوەو تەنانەت بەرنامەی شادو جێژنیان بۆ ڕێك خراوە. بەهەر هۆیەکیش بووە، من یەکێك لەوانە بووم بەو بۆنەو یادانەوە دەستم بۆ قەڵەم بردوە. ئێستا کە بەخۆشی‌یەوە شایەدی گەیشتنی "کوردستان" بە ژمارە ٤٠٠ین، ناچارم قسەیەك کە پێشتریش کردوومە بۆ نەسڵی تازەی "کوردستانی‌یەکان"و ئۆگرانی "کوردستان"، بەتایبەتی ئەوانە کە ئاگاداری‌یەکی ئەوتۆیان لە داستانی پڕ زەحمەتی بەردەوامیی ئەو ڕۆژنامەیە لە دژوارترین ساڵان‌و قۆناغەکانی تەمەن‌و خەباتی حیزبی دێمۆکرات دا نیە، دووپات بکەمەوە. ئەویش ئەوەیە:

ڕۆژنامە دەرکردن لە قۆناغ‌و لەهەلومەرجێك دا کە ئیمکاناتی ماددی‌و مەعنەویی ئەم کارە زۆرو، کەندوکۆسپ‌و ڕێگر کەمن، ڕەنگە ئەوەندە بۆ پێوەنازین‌و فەخر پێوەکردن نەبێ کە دەرچوونی هەر ١٠٠ ژمارەیەکی بکرێ بە جێژن. بەڵام بەسەرهاتی "کوردستان" شتێکی دیکەیە. ئەم ڕۆژنامەیە هاوچارەنووسی حیزبێك بووە کە زمانحاڵیەتی، حیزبێکی خەباتگێڕ کە لەهەلومەرجێکی یەگجار دژوارداو بە کەرەستەو ئیمکاناتێکی بەتەواوی نابەرامبەرو ناوەڵامدەرەوە ـ هەم بە بەراورد لەگەڵ تواناو ئیمکاناتی دوژمنەکەی‌داو هەم لەچاو پێداویستی‌و تینوێتیی دڵسۆزان، ئۆگران‌و پشتیوانانی ـ بۆ ئامانجە نەتەوەیی‌و دێموکراتیکەکانی تێ‌کۆشاوە. ئەو ڕۆژو شەوانەم لەبیرن کە بە پێچەوانەی ئێستا، نە ئینتێرنێت‌و ئامرازە پێشکەوتووەکانی دیکەی پێوەندیگرتن‌و زانیاری وەرگرتنمان هەبوو، نە ژمارەیەکی ئەوتۆ لەو کەسانە کە بە هاسانی لەگەڵ کاری نووسین، وەرگێڕان‌و کارە فەننی‌یەکانی ڕۆژنامە ڕادێن، نە ئەو ئەمنییەت‌و ئاسوودەیی‌یەی ئێستا. بە تایپی میکانیکی‌و بە ڕۆنیۆ کارمان دەکرد، ئەویش لەژێر هاش‌و هووشی هێرشی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکان، تۆپ‌و کاتیوشابارانی دوژمن دا. بەڵام بە زەحمەت‌و دڵسۆزی‌و ماندوویی‌نەناسی‌و کاری عاشقانەی کارگێڕان‌و نووسەرانی ئەو سەردەمی ڕۆژنامەو کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، "کوردستان" وەستان‌و دواکەوتنی بەخۆیەوە نەدەدیت.

جێگای خۆشحاڵی‌یە کە "کوردستان" لەگەڵ بەردەوامبوون‌و بەرەوپێشچوون دا، لەباری فۆرم‌و نێوەرۆکیشەوە بەرەوپێش چووە. لە ژمارە ٣٣١ەوە، ئەم ڕۆژنامەیە لە باری فۆرم‌و قەوارەوە، بەراستی ڕەنگی ڕۆژنامەی بەخۆیەوە گرتوە، لەباری جۆراوجۆری (تنوع)و مۆنتاژو نێوەرۆکیشەوە، هەوڵی داوە پتر لە پێشوو خوێنەر ڕازی بکا. هێندێك کێشەوباس‌و مەسەلە کە پێشتر لە "کوردستان"دا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، ئێستا تا ڕادەیەك لە لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیەدا بەرچاو دەکەون. بەڵام بەجێ‌یە بڵێم کە نە بەردەوامیی ڕۆژنامە لەهەلومەرجە جۆراوجۆرەکان‌و نە ئەوەندە ئاڵوگۆڕانەی بەسەری هاتوون‌و بەرێزو ستایشەوە باسم کردن، نابێ ئەو ڕاستی‌یەمان لەبەرچاو ون بکەن کە "کوردستان"، پێویستە زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە لە فۆرم‌و نێوەرۆك دا بەسەرخۆی دابێنێ تا ببێ بەو ڕۆژنامەیە کە خوێنەری ئەم سەردەمە ڕازی بکا. بۆ وێنە لەباری نێوەرۆکەوە، هێشتا زۆر کێشەو دیاردەو پرس هەن کە "کوردستان" نەك جارێك، بەڵکوو بە بەردەوامی دەبێ بیانکا بە هەوێنی نووسین‌و لێکۆڵینەوەو تەوەری گفتوگۆو مێزگرد. دەبێ خێراتر لە ئێستاو ڕابردووی خۆی، تیشك بخاتە سەر هێندێك ڕووداو و مەسەلەی زیندوو. زۆر پرسیار کە پێوەندییان بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات‌و کێشەی کوردو کۆمەڵگاکەمانەوە هەیە، وروژاندن‌و دۆزینەوەی وەڵامی گونجاویان دەوێ. لەباری زمانەوانی‌و هەڵەی چاپی‌و چۆنیەتیی وەرگێڕان‌و هەڵبژاردنی تیترو سوتیترو شتی دیکەی لەم چەشنەوە، "کوردستان" پێویستە چاو بەخۆی‌دا بخشێنێتەوەو کەم‌وکووڕی‌و ناتەواوی‌یەکانی پێشووی قەرەبوو بکاتەوە. بەکورتی لەهەموو بوارەکان دا، "کوردستان" بەرەوپێشچوونی زیاترو نوێبوونەوەو خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆحی سەردەمی پێویستە.

بەبۆنەی دەرچوونی چوارسەدەمین ژمارەوە، وێڕای ڕێزنان لە هەوڵ‌و ماندوویی هەموو ئەو کەسانە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان لەم ٤٠٠ ژمارەیەدا ڕۆڵیان هەبووە، پیرۆزبایی لە هاوکارانم‌و ئۆگران‌و خوێنەرانی "کوردستان" دەکەم‌و بەردەوامی‌و بەرەوپێشچوون‌و سەرکەوتنی زیاتری "کوردستان" بەئاوات دەخوازم.

## تەنیایی

سەدەها سەگ پێم وەڕیوە..
کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەما نوقم کرد
کە نانی تیابوو نەوەك بەرد
درەختە پاییزی‌یەکانیش منیان جێ‌هێشت..
کە دڵی سەوزم دیاریی بوو نەك گەڵای زەرد
فەرامۆشم..
فەرامۆشم وەك تارژەنێکی مەزنی..
نیشتەجێ بووی شارێکی کەڕ
فەرامۆشم..
فەرامۆشم وەك زەنگی ئەو کەنیسەیەی..
بووبێتە بنکەی سەربازیی‌و زەخیرەی شەڕ

محەممەد عومەر عوسمان

# دروشمی نوێ‌و ئەرکەکانی داهاتوومان

**مستەفا شەڵماشی**

گرنگترین بڕیاری کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی بوو. گۆڕینی دروشمی خودموختاری بۆ فیدراڵی گەلێك گۆڕانکاریی لە پێوەندییە کوردستانی، ئێرانی‌و نێونەتەوەیی‌یەکاندا پێك دێنێ. هەروەك بۆ باش کەڵکوەرگرتن لەو پێوەندیە تازانە زۆر ئەرکی قورسیش دەخاتە سەر شانی هەڵگرانی ئەم دروشمە.

خودموختاری رێگاچارەسەرێك بوو کە لە وڵاتانی سوسیالیستیی پێشوودا بۆ هێندێك نەتەوەی بچووك بەکار هێنرابوو، دوای جەنگی جیهانیی دووهەم هێنرابۆوە وڵاتی ئێمەو لەنێو بەرنامەی حیزب‌و رێکخراوە کوردیی‌یەکاندا جێگای خۆی کردبۆوە. خودموختاری لە دنیادا وێنەیەکی ئەوتۆی نەبوو، سنووری دەسەڵاتی سیاسییش لە سیستمی خودموختاری‌دا نادیار بوو، سەڵاحییەتەکانی ناوچەی خودموختار بە هێندێك وشەی ئیداری‌و قانوونی روون کرابوونەوە کە راڤەی جۆراوجۆریان هەڵدەگرت‌و مەودایان دەدا کە بە بۆچوونی جۆراوجۆر هەڵسەنگێنرێن. بۆ وێنە پاراستنی نەزم‌و ئاسایش لە ناوچەی خودموختاردا، دەدرا بە هێزی پۆلیس‌و شارەوانیی ناوچەیی‌و پاراستنی سنوورەکانیش لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی‌دا بوو. لێرەدا روون نەبوو کە ئایا هێزی پۆلیس‌و شارەوانیی ناوچەی خودموختار دەبوو تەنیا گوێ بۆ فەرمانی ئۆرگانەکانی خودموختار بگرێ، یا بۆ دەوڵەتی ناوەندییش؟ ئایا تەنیا پێشی هێرشەکانی لاوەکی‌و ئاژاوە نێوخۆیی‌یەکانی دەگرت، یا لە حاڵەتی دەستدرێژی‌کردن لەلایەن هێزی دەوڵەتی ناوەندیش‌دا بەرگریی لە ئاسایشی ناوچە دەکرد.

ناوچەی خودموختار نەوعێك حکوومەتی ناوچەیی هەبوو، بەڵام دەوڵەت پێك نەدەهێنرا، واتە هەیئەتی وەزیران‌و سەرۆك وەزیری نەبوو.

لە سیستمی فیدراڵی‌دا بە پێچەوانەوە سنووری دەسەڵات روون‌و ئاشکرایەو لە زۆر وڵاتی دنیاش‌دا تاقی کراوەتەوە. هەم لەو وڵاتانەی کە حکوومەت کۆماری‌یەو هەم لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی سیستمی پاشایەتین. جگە لەوە فیدراڵی بە نێوەرۆکی ئیداری، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەییش تاقی کراوەتەوەو سەرکەوتوو بووە. وەك فیدراڵیی بلژیك‌و کانادا‌و سویس، یا بە بنەمای ئابووری‌و کۆمەڵایەتی وەك لە ئامریکا‌و ئاڵمان‌و زۆر وڵاتی دیکە. بەهەر حاڵ شێوەیەك لە بەڕێوەبردنی ئیداری‌یە کە بە پێی ئەو ئامانجەی کە دەبێ وەدی‌بێنێ، بنەماکانی دادەڕێژرێن. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ کە بۆ سەرکەوتنی سیستمی فیدراڵی، بەتایبەت لەو کاتەدا کە ئەو سیستەمە بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست بەکار دەهێنرێ، تێکۆشانێکی بەرفراوان‌و ئیمکاناتێکی ئینسانیی زۆری لە شێوەی پسپۆڕی‌و لێهاتوویی‌دا پێویستە.

یەکێك لە گەورەترین تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو سیستمە ئەوەیە کە پێویستە لە پێشەوە ئۆرگانەکان‌و قەوارە ئیداری‌یەکەی لە کادری پسپۆڕ لە هەموو بوارەکاندا پێك بهێنرێ، جا دەتوانێ بە باشی کار بکا. لێرەدا زۆر گرنگە کە کادرو بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی فیدراڵ بەشێوەیەك پەروەردە بکرێن کە ئامادە بن سەڵاحییەتەکان لەناو ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی فیدراڵدا، دابەش بکەن.

بۆ سەرکەوتن‌و وەدیهێنانی سیستمی فیدراڵی لە ئێراندا، پێویستە یەکەم هەنگاوی خوازیارانی فیدراڵیزم ئەوە بێ کە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵ هەر لە ئێستاوە لەسەر بنەمایەکی پتەوو زانستی پێك بێنن، تا لە هەوەڵێن فرسەتی هاتنە سەرکاری سیستمێکی ئەوتۆ لە ئێراندا، بتوانێ بە سەرکەوتوویی‌یەوە دەست بەکار بێ. ئەگەر کار نەکرێ بۆ پێکهێنانی بنیاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ‌و بنکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پرۆسەی پیادەبوونی فیدراڵیزم‌و دێموکراسی لە ئێراندا زۆر دوا دەکەوێ. چونکە لە ئێرانی شۆوینیزم لێدراوی بە پەتکی خوڕافاتی مەزهەبی خنکاودا، هێزی دژی دێموکراسی‌و فیدراڵیزم گەلێك زۆرن‌و تەنانەت بە رووخانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییش کۆتاییان پێ نایە.

گەلی کوردو رێکخراوە سیاسی‌یە پێشەنگەکانی دەبێ ئەوە بزانن کە لە هەر هەلێکی وەدەستهاتوو، پێویستە بە زووترین کات‌و بە فراوانترین شێوە کەڵك وەربگرن. ئێستا کە مافی رەوای نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێراندا‌و بەشێوەی فیدراڵی داوا دەکرێ، پێویستە هەر لە ئێستاوە بناغەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان لە ئێرانی دێموکرات‌و فیدراڵدا دابمەزرێن.

لە چوارچێوەی ئەم بەرنامە تازەیەدا، پێویستە حیزبی دێموکرات‌و هێزە کوردستانی‌یەکانی دیکە کە باوەڕیان بە فیدراڵیزم هەیە، خۆیان بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە بکەن‌و کادری پێویست بۆ ئۆرگانەکانی هەرێمی کوردستان لە کوردستاندا ئامادە بکەن.

لەم پرۆسەیەدا ئەرکی سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر گەورەو چارەنووسسازە. گۆڕینی دروشمی خودموختاری بە فیدراڵیزم، پێویستە گۆڕانکاریی رێکخراوەیی‌و شێوەی کاریشی بەدوادا بێ. ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەمەودوا دەبێ زۆر بەرینتر لە جاران بیر بکەنەوە. چ لە نێوخۆی رێکخراوەی حیزب‌دا‌و چ لە دەرەوەی رێکخستنی حیزبدا باوەش بۆ وەرگرتن‌و پەروەردەکردنی تواناکان بکەنەوە.

بیری تەسکی پارتایەتی، یا لەوەش داخراوتر هاوبیریی موتڵەق، کۆسپێکی گەورە دەخاتە سەر رێی وەدیهاتنی ئامانجی فیدراڵیزم، چونکە ئامانجی فیدراڵیزمی نەتەوەیی بریتی‌یە لە تۆڕێکی دەسەڵاتی نەتەوەیی کە هەموو ئەندامانی ئەو نەتەوەیە لە نێوخۆی‌دا کۆ دەکاتەوە. مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی دەگۆڕێ بۆ مافی بەڕێوەبردنی چارەنووسی نەتەوەیی.

کارێکی زۆر گرنگ‌و دژوارە کە کادرەکانی داهاتووی وەزارەتەکان، بەڕێوەبەری‌یە گشتی‌یەکان، دامودەزگا مەدەنی‌یەکان‌و پارلمانی هەرێمی کوردستان لە کەسانی پسپۆڕ، لێهاتوو، لەخۆبوردوو بێ‌تەماع دیاری بکرێن. هەر بۆیە پێویستە لە ئێستاوە کار بکرێ بۆ پەروەردەکردنی کادری ئەوتۆ. ئەگەر لە چوارچێوەی رێکخراوی سیاسییش‌دا ئیمکان نەبێ هەموو ئەو تواناییانە دیاری بکرێن، پێویستە خودی رێکخراوی سیاسی لەباری نهێنی‌یەوە بۆ ئەوە ئامادە بکرێ کە کەڵك لە هەموو تواناکان وەربگرێ لە کوردستاندا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی کوردستان ببێتە نموونەی دێموکراسی‌و پێشکەوتوویی بۆ سەرانسەری ئێران.

دەبێ ئەوە پێی لەسەر دابگیرێ کە لە دەسەڵاتی فیدراڵی کوردی‌دا، کار بە کارزان دەسپێردرێ. ئەگەر کەسانێکی خەباتگێڕی سیاسی دەیانهەوێ لە ئورگانەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا نەخشیان هەبێ، پێویستە هەوڵ بدەن لەو بەشەدا کە پێیان خۆشە کار بکەن، پسپۆڕی بەدەست بێنن. مەرجی دیاریکردنی هەر کەسێك لە پۆستێکی دەوڵەتی فیدراڵدا، دەبێ تەنیا پسپۆڕی‌و دڵسۆزی بێ بۆ ئەو پۆستە. بوون لەناو رێکخراوێکی تایبەتیی سیاسی‌دا نابێ بکرێتە مەرج. دیارە مەبەست ئەوە نیە کە ئەوانەی ئەندامی رێکخراوی سیاسین، نابێ بەرپرسایەتیان پێ بسپێردرێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر پسپۆڕی‌و دڵسۆزیی لەگەڵ بێ، تەنانەت خەباتگێڕانی نێو رێکخراوە سیاسی‌یەکان لە پلەی یەکەمی دیاریکردن بۆ ئەو پۆستانە دان.

ئەگەر حیزبی دێموکرات‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە بەنیازن هەرێمی فیدراڵی داهاتوو بە ئەندامانی خۆیان بەڕێوە بەرن، پێویستە لە ئێستاوە کار بکەن بۆ پەروەردەکردنی کادری لێهاتوو لە هەموو بوارەکاندا.

بە چەند رێگادا ئیمکانی ئەو کارە هەیە: یەکەم کادرو پێشمەرگە تەواو وەختەکان پەروەردە بکرێن بۆ ئەم مەبەستە. پەروەردەکردن لە بوارەکانی سیاسی، ئیداری، کۆمەڵایەتی‌و قەزایی‌دا هەم زۆر پێویستە، هەم لە هەلومەرجی ئێستای حیزبدا ئیمکانی هەیە.

دووهەم: لەو ساڵانەی دوایی‌دا خەڵکێکی زۆر لە ئورووپا‌و ئامریکا خۆی پەروەردە کردوە. لە هەموو بوارەکانی پسپۆڕی‌دا ئێستا کەسانی شارەزا هەن، زۆربەشیان حیزبین، کەسوکاری حیزبی‌یەکانن، یا کەسوکاری پێشمەرگەن، پێویستە ئەوانە ئۆرگانیزە بکرێن‌و بیروبۆچوونیان بۆ بەڕێوەبەریی خۆیی لە کوردستانی فیدراڵ لە داهاتوودا ئامادە بکرێ.

سێهەم: لە ناوەوەی کوردستان بە خۆشی‌یەوە جموجۆڵێکی زۆر بەرفراوانی فەرهەنگی لە گۆڕێ دایە. لە دەیەی رابردوودا خوێندەوارێکی زۆر پێ‌گەیون لە هەموو بوارەکاندا. دەبێ هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدرێ پێوەندی بەو پسپۆڕانەوە بگیرێ، لە بیروبۆچوونەکانیان کەڵك وەرگیرێ‌و بناسرێن‌و بۆ داهاتوو لەبەرچاو بگیرێن.

ئەگەر ئەو هەنگاوانەی سەرەوە لەبەرچاو نەگیرێن، لە سبەینێی ئازادی‌دا کار بە کارزان ناسپێردرێ‌و مەرجی دیاریکردنی بەرپرسەکان تەنیا‌و تەنیا دەبێتە ئەندام بوون لە رێکخراوێکی تایبەتی‌دا.

جگە لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان، پێویستە بیر لە دوو بواری دیکەش بکرێتەوە:

یەکەم، بەشداربوون لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندی‌دا. زۆر گرنگە لێرەدا بیرە لەوە بکرێتەوە کە لە ئێرانی فیدراڵ‌و دێموکرات‌دا، گەلی کورد خاوەنی بەشە لە دەوڵەتی ناوەندی‌دا‌و پێویستە پۆستی گرنگ وەعۆدە بگرێ. هەروەها لە دوو بەشی یاسادانان‌و قەزایی‌دا دەبێ بەشی خۆی هەبێ. بێ‌شك بەشداریکردن لەو ئۆرگانە گرنگانەی دەوڵەتی ناوەندی‌دا پێویستی بە شارەزایی‌و پسپۆڕی هەیە. ئەگەر بەشی کورد تەنیا شتێکی رواڵەتی بێ‌و نێوەرۆکی لەگەڵ نەبێ، مافەکانمان دەدۆڕێن یا بە نیوەچڵی وەردەگیرێن.

دووهەم کاری دەرەوەی ناوچەی فیدراڵ چالاکبوونە لە دیپلۆماسی‌و پێوەندی‌یەکانی نێونەتەوەیی‌دا. پێویستە لە رێگای کەسانی شارەزا‌و زمانزانەوە، ویستی فیدراڵی‌خوازی بە دەوڵەتەکان، رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و بەتایبەت هاوپەیمانان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا بناسێندرێ‌و روون بکرێتەوە.

بۆ وەدیهاتنی هەموو ئەو ئامانجانەی لە سەرەوە باسمان کردن، پێویستە حیزبی دێموکرات شێوەی کاری رێکخراوەیی خۆی بگۆڕێ. دەبێ لە رێکخراوێکی داخراوی پشت ئەستوور بە "سانترالیزمی دێموکراتی"، بگۆڕدرێ بە رێکخراوێکی دێموکراتی کراوە کە پشت ئەستوور بێ بەشێوەی کاری رێکخستنی بەربڵاو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە دیارە رێکخستن لێرەدا شێوەی بەڕێوەبەریی (Managemat)ی تەخت (Plaat) بەکار دێنێ کە لە رێگای کاناڵی (تۆڕی)یەوە بە ناوەندی بڕیاردانی حیزبی‌یەوە بەستراون.

کەوابوو لە جیاتی بەستنەوەی رێکخراوە بە زنجیری سانترالیزمی دێموکراتیکەوە، پێویستە رێکخراوە لەناو تۆڕی رێکخراوەیی دێموکراتیکی سەربە ناوەندی بڕیارداندا، ئازاد بێ‌و بتوانێ لەناو تۆڕەکەدا بڕیار بدا‌و بە پێی هەلومەرج مانۆڕ بدا.(*)


ئەو تۆڕی رێکخراوەیی‌یە نابێ لە پێکهێنانی بەربەستەکان‌و بەرتەسککردنەوەکان دروست کرابێ، بەڵکوو پێویستە تۆڕێکی زانستی بێ کە هەڵسووڕێنەرانی کاروباری رێکخراوەیی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لە باری "تیئۆری‌و پراتیکی"یەوە، بتوانن پەنای بۆ بەرن‌و پێویست نەبێ لەو تۆڕە دەرچن.

بۆ پێکهێنانی تۆڕێکی زانستیی ئەوتۆش، پێویستە رێبەرایەتیی حیزب خۆی ئازاد بکا لە وردەکاریی رۆژانەو خەرێك بێ بە تیئۆریزەکردنی ئامانجەکان، لێکدانەوەی رووداوەکان‌و هەڵسەنگاندنی گۆڕانکاری‌یەکانەوە. گرنگترین کاری رێبەرایەتیی رێکخراوەیەکی سیاسی دێموکراتی کە لەسەر شێوەی "تۆڕی" کار دەکا، بریتی‌یە لە خۆراکی سیاسی‌دان بە رێکخراوەکە لەلایەك‌و دانانی پلان‌و بەرنامەی کار بۆ رێکخراوەکە لەلایەکی دیکەوە. دیارە ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کردن، کاری ساڵێك‌و دوو ساڵ نیەو لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا جێبەجێ دەبن، بەڵام پێویستە هەر ئێستا دەستیان پێ بکرێ.

(*) ئەو مەسەلەیە پێویستە لە نامیلکەیەکدا شی بکرێتەوە.

❊❊❊

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەڕێز تۆنی بلێر، سەرۆك وەزیری ئینگلیس



**بە بۆنەی نەخۆشکەوتنی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا, بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب, پەیامێکی کە لەودا هیوای چاکبوونەوەی بۆ خواستبوو لەگەڵ دەستەگوڵێك بۆ ناردبوو. دەقی پەیامی بەڕێز سکرتێری گشتی‌و وەڵامی بەڕێز تۆنی بلێر, سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بەم شێوەیەیە:**

بەڕێز, سەرۆك وەزیران!

بەوپەڕی خەم‌و پەژارەوە هەواڵی نەخۆشکەوتن‌و چوونی لە نەکاوی جەنابتانمان بۆ نەخۆشخانە بیست. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و خۆمەوە چاکبوونەوەی تەواوو خێراتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# وەڵامی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بە نامەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب



هیجریی بەڕێزو هێژا!

سپاسی فراوان بۆ ئەو پەیام‌و دەستەگوڵەی کە دوای هاتنەدەرم لە نەخۆشخانە بۆتان ناردبووم‌و بەوپەڕی رێزەوە دەڕوانمە ئەم هاوسۆزی‌و خۆشویستنەتان.

**لەگەڵ رێزو پێزانیندا**

**تۆنی بلێر, سەرۆك وەزیرانی بریتانیا**

**کۆشکی سەرۆك وەزیری**

**لەندەن ـ ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤**

# بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## ٢٥ کەس لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی فەننیی "تەباتەبایی"ی شاری ورمێ، سزا دران

بەپێی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتووە، ئەو خوێندکارانەی کە لە حەرەکەتە ئیعتیرازییەکانی "ئامووزشکەدەی فەننیی تەباتەبایی"ی شاری ورمێدا لە لایەن هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیمەوە، لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٢/٩دا، دەستگیر کرابوون، درانە "کومیتەی ئینزباتی"و لە لایەن ئەو دەزگا سەرکوتکەرەوە سزایان بۆ دیاری کرا. شایانی باسە ژمارەی ئەو خوێندکارانە ٢٥ کەسەو هەموشیان کوردن. ١٠ کەس لەو خوێندکارانە بۆ ماوەی ١ تێرم لە خوێندن بێبەش کرانو لە هەموو دەورەی خوێندنیشدا لە هەر چەشنە ئیمکاناتو خزمەتگوزارییەك بێبەش کران. بەتایبەت وامی خوێندکاریو خابگای خوێندکاری. ١٥ کەسی دیکە لەو خوێندکارە کۆڵنەدەرانە لە هەر چەشنە ئیمکاناتێکی خزمەتگوزاری لە لایەن "کومیتەی ئینزیباتی"ی زانکۆوە بێبەش کران. شایانی باسە ڕێژیم گوشارێکی زیاتر دەخاتە سەر خوێندکارە کوردەکان، بەتایبەت لە زانکۆکانی ورمێو تەورێزدا. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژەی خوێندکارانی کورد لەو دوو زانکۆیەدا بەرچاوەو خوێندکارە کوردەکان لە خۆپیشاندانەکانی رابردوودا ، ڕۆڵی پێشەنگی حەرەکەتە ئیعتیرازییەکانیان گێڕاوە.

## بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە ناوچەی بانە هاووڵاتییەکیان کوشتو ٢ کەسی دیکەیان بریندار کرد

ئێوارەی ڕۆژی ١٣٨٣/٧/٣٠ی هەتاوی، هێزەکانی ڕێژیم لەسەر پردی ئاوایی "دۆڵە هەرزن"ی بانە، تەقە لە ماشینێکی بارهەڵگر دەکەن کە لە ئاکامدا شۆفێری ماشینەکە بە ناوی "خالید سەمەرقەندی"، کوڕی "عومەر قاوەچی"، خەڵکی ڕەبەت دەکوژرێو دوو کەسی دیکە لە سەرنشینەکانی بریندار دەبن.

تەرمی خالید سەمەرقەندی هەتا ناردنی ئەم هەواڵە هەر لە نەخۆشخانەی بانەیەو تەحویلی کەسوکارویان نەداوەتەوەو دوو بریندارەکەش لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیراونو ڕەوانەی بەندیخانە کراون.

## سیخوڕێکی ڕێژیم لە مزگەوتی ئەوێهەنگی ناوچەی مەریوان لە لایەن خەڵکەوە وەدەر نرا

شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٧/٢٩ی هەتاوی، لە مزگەوتی "ئەوێهەنگ" لە ناوچەی مەریوان بە بۆنەی فەوتی "ئیبراهیم عەلیایی"، خەڵکێکی زۆر کۆبببوونەوە.

ئیمام جومعەی مزگەوتەکە، "مەلا فاروق" دەستی کرد بە قسەکردنو لەقاودانی سیاسەتی ڕێژیم لە کوردستانو ئێراندا. لە کاتی قسەکردنی مەلا فاروقدا، جاسوسێکی ڕێژیم بە ناوی "سەید جەبار بەهرامی" هەڵسایە سەر پێو دەستی بە قسەکردن بەدژی مەلا فاروقو بەپشتیوانی لە ڕێژیم کرد.

کاتێك "سەیدجەبار بەهرامی"ی خۆفرۆش دەستی بە قسەکردن کرد، خەڵکەکە بە تێکڕا هەڵسانە سەر پێو دەستیان بە دانی دروشم بەدژی ڕێژیم کرد، وەك:

مەرگ بۆ جاشو جاسوسو لەگەڵ ئەودا ڕووبەڕووبوونەوەو لە ئاکامدا لە مزگەوت وەدەریان نا.

پاش دەرکردنی ئەو جاشە، مەلا فاروق دەستی بە قسەکانی کردەوەو سوپاسی هاودەنگیو یەکگرتنی خەڵکی ئاوایی ئەوێهەنگی کرد.

## تێکهەڵچوونی کاسبکارانی مەریوان و هێزە تالانچییەکانی میرساد

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/٨/٧ی هەتاوی، کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی گوندی ساوجیو هەروەها کاسبکارانی شاری مەریوان، کە بارێکی زۆریان لە لایەن هێزی میرسادی پاسگای گوندی "خاو"ی مەریوانەوە گیرابوو، هێرشیان کردە سەر ئەو هێزەو توانییان چەند کەس لە ئەندامانی ئەو هێزە بریندار بکەنو هەندێ لە بارە گیراوەکانیان ئازاد بکەنو چەند ماشینێکی ئەو هێزە تێك بشکێنن. هێزەکانی سەرکوتکەری میرسادیش تەقە لە خەڵك دەکەنو چەند هاووڵاتییەك بریندار دەکەن.

شایانی باسە ئەم تێکهەڵچوونە لە ناوچەکەدا دەنگێکی زۆری دایەوەو بۆ خەڵك ڕوون بۆوە کە ئەگەر کاسبکارانی زەحمەتکێشی کوردستان یەکگرتوو بن، دەتوانن گوشار بخەنە سەر هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمو پاشەکشەیان پێ بکەن.

## جێگیربوونی هێزی سەرکوتکەری "میرساد" لە شارە سنوورییەکانی کوردستاندا

بەپێی هەواڵی گەیشتوو، هێزی سەرکوتکەری "میرساد" کە نزیك دوو مانگ لەمەوبەر لە شارە سنوورییەکانی کوردستاندا جێگیر بووە، دەستی کردوە بە داپڵۆسینو ڕاوەدوونانی ئەو کاسبکارو کۆڵبەرە زەحمەتکێشانەی کە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی خێزانەکانیان ڕوو لە سنوورەکان دەکەن. دەگوترێ کە ناوەندی فەرماندەیی ئەو هێزە سەرکوتکەرە لە شاری "کرمان"ەو تا ئێستا لە شارە سنوورییەکانی مەریوانو بانەدا جێگیر بوون. ئەو هێزە تایبەتو سەرکوتکەرە بە ماشینگەلێکەوە دەکەونە دووی کاسبکاران کە لە ڕواڵەتدا لە ماشینی شەخسی دەچنو زۆربەی ئەم ماشینانەش بێژمارەن. ئەو هێزە دژی گەلییە لە کاتی بەڕێوەبردنی مەئمورییەتەکانیدا سەروچاوی خۆیان دادەپۆشنو تەنانەت هەقی دەسترێژ لە کاسبکارانی زەحمەتکێشی کوردستانیان پێدراوە. هۆی داپۆشینی سەروچاوی ئەو هێزە دژیگەلییانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە لایەن خەڵکەوە نەناسرێنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان نەیانناسنەوەو تۆڵەیان لێنەکەنەوەو ئەوانیش بەبێ هیچ چەشنە ترسێك خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بدەنە بەر دەسترێژ. شایانی باسە کە ئەو هێزە سەر بە ڕێبەری ڕێژیم، "عەلی خامنەیی"یەو هەر بارێك کە لە کاسبکارانی زەوت بکەن، دەدرێ بە خۆیانو ئەوەش وای کردوە کە ئەو بەکرێگیراوانە تەنگ بە خەڵکی چەوساوەی کوردستان هەڵچنن، ئەو خەڵکانەی کە بۆ وەدەستهێنانی بژێوی خۆیانو خێزانەکانیان، ناچارن ڕوو لە کاری قاچاخچێتی بکەنو ڕۆژانە لەگەڵ دەیان مەترسیدا ڕووبەڕوو ببنەوە. شایانی باسە کە تا ئێستا چەند تێکهەڵچوون لە نێوان ئەو هێزە سەرکوتکەرانەو خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکاندا ڕووی داوە.

## چەند کەس لە هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە ڕاوەدوونانی کاسبکارانی مەهابادا دەکوژرێن و بریندار دەبن

شەوی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٨٣، کاتژمێر ٨ی شەو، لە نزیك "تیکان لووچە"ی ناوچەی مەهاباد، ماشینێکی هێزە بەناو ئینتیزامییەکانی ڕێژیم کە وەدوای کاسبکارانی زەحمەتکێشی مەهاباد کەوتبوو، لە ڕێگادا چەپ دەبێو فەرماندەی پاسگای "تیکان لووچە"، بە ناوی "بورهان"و ٣ سەربازی دیکە دەکوژرێنو ٢ سەربازی دیکەش بریندار دەبن.

شایانی باسە کە خەڵکی کوردستان بە هۆی نەبوونی کارەوە ڕوو دەکەنە کاری قاچاخچێتیو بەکرێگیراوانی ڕێژیم هەر ڕۆژە بە بیانووی جۆراوجۆر گرفتیان بۆ ساز دەکەنو ڕۆژ نیە چەند هاووڵاتییەکی زەحمەتکێشی کورد نەکوژنو بریندار نەکەن.

## لە تێکهەڵچوونی نێوان هێزی سەرکوتکەری "میرساد"و کاسبکارانی ناوچەی مەریواندا، هاووڵاتییەك بریندار دەبێ

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە "کوردستان"، هێزی چەپاوڵکەرو سەرکوتکەری "میرساد" دەستی کردوە بە داگیرکردنی باری کاسبکاران لە ناوچەی مەریوانو لەو پێوەندییەدا لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٨/٢، ئەو هێزە سەرکوتکەرە، کۆمەڵە بارێکی زۆر دەگرن لە پشت پاسگای ئینتیزامیی گوندی "بەردەڕەشە"و لە ئاکامدا لە نێوان خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرو ئەو هێزەدا تێکهەڵچوون ڕوودەداو ماشینێکی ئەو هێزە دەشکێنرێو هێزەکەی "میرساد"یش تەقە لە کاسبکاران دەکەنو بە هۆی ئەو تەقەیەوە کەسێك بە ناوی "لەتیف"، تەمەن ٣٥ ساڵ، کوڕی موحەممەد ئەمین، خەڵکی گوندی بەردەڕەشە بریندار دەبێ. دوای ئەو ڕووداوە، ڕقو بێزاری خەڵکەکە دەچێتە سەرو هێزەکەی "میرساد" ناچار دەکەن کە هەڵێن.

شایانی باسە تا ئێستا "میرساد" لە سێ شوێنی ناوچەی مەریواندا جێگیر بوون: ١ـ فەرماندەیی هێزی ئینتیزامی، ٢ـ سێڕێیانی ساوجی ـ بەردەڕەشەو، ٣ـ پاسگای گوندی "خاو"، نزیك گوندی "هەڵاڵاوا" لەسەر سنووری ئێران ـ عێراق.

❊❊

## وەزارەتی علوومی ڕێژیم، ڕێگا نادا کلاسەکانی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستاندا بەڕێوەبچێ

بەپێی هەواڵێك کە بە "کوردستان" گەیشتووە، ئەمساڵ کلاسەکانی بەشی زمانو ئەدەبیاتی کوردی بەڕێوە ناچێتو وەزارەتی علووم ڕێگای نەداوە کە ئەم بەشە، کلاسەکانی لە ساڵی خوێندنی ٨٤ـ٨٣دا بەڕێوە ببات.

شایانی باسە کە لە پەڕاوگەی کونکوردا نووسرابوو، زانکۆی کوردستان ئەمساڵ بەشی زمانو ئەدەبیاتی کوردی دەکاتەوەو نزیکەی ٣٠ خوێندکار لەو ڕشتەیەدا وەردەگرێت. لەو کاتەدا ڕێژیم پڕوپاگەندەیەکی زۆری وەرێخست کە گوایە ئەو ڕێژیمە گرنگیی بە زمانی کوردی دەدا، بەڵام بۆ هەموان ڕوون بووەوە کە ئەو هەڵڵاوهەنگامەیە جگە لە پڕوپاگەندەیەکی چەواشەکارانە، مەبەستێکی واقیعیی لە پشتەوە نەبوو. لە لایەکی دیکەوە لیستی ناوی ئەو خوێندکارانەی کە ئەمساڵ بەناو لەو ڕشتەیەدا وەرگیراون، هێشتا نەنێردراوە بۆ زانکۆی کوردستانو بەوپێیە ئەو خوێندکارە کوردانەی کە لە تاقیکاریی کۆنکوردا، بەشی زمانو ئەدەبیاتی کوردییان بۆ خوێندن هەڵبژاردوە، لانیکەم ساڵێك لە خوێندن وەدوا دەکەونو لە لایەکی دیکەشەوە، ڕوون نیە کە ساڵی داهاتووش کلاسەکانی ئەو بەشە بەڕێوەدەچێ یان نا. ڕێژیم هێشتا چارەنووسی ئەو خوێندکارانەی ڕوون نەکردۆتەوەو بەرپرسانی زانکۆی کوردستانیش وەڵامێکی ڕوون بەو خوێندکارانە نادەنەوە.

❊❊❊

## شنۆ
## تەقینەوەیەك لە گوندی سەوجە

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، لە ماڵی "مەولوود ئەبرووشەن" (مەولوودە چکۆڵ)، تەقینەوەیەك ڕووی دا کە لە ئاکامدا کوڕی مەولوود یانێ "ئیبراهیم ئەبرووشەن"و "موحەممەدتەها مینایی"، خەڵکی ئاوایی "سەوجە" بە توندی بریندار دەبن. هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە نەخۆشخانە، ئیبراهیم گیانی لەدەست دەداو تەهاش ٥ ڕۆژ دواتر لە نەخۆشخانەی ورمێ کۆچی دوایی‌دەکا.

دوای ئەم تەقینەوەیە دوو دەنگۆی دژبەیەك بڵاوبوونەوە. هەندێ کەس پێیان وایە کە تەقینەوەکە بە هۆی گڕگرتنی گازەوە بووەو هەندێ کەسیتر لە خەڵکی ناوچە لەسەر ئەو باوەڕەن کە هۆی تەقینەوەکە گڕگرتنی باروتو تەقەمەنی بووە، هێشتا ڕاستی ڕووداوەکە نەزانراوە.

❊❊

## ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی کرماشان، ڕەوانسەرو کامیاران لە هەڵمەتێکی تەبلیغی بەربڵاودا

بەپێی هەواڵێك کە لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەرو دڵسۆزی حیزبەوە بەدەستمان گەیشتووە، ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی دێموکرات لە شارەکانی کرماشان، ڕەوانسەرو کامیاران، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کارێکی تەبلیغی بەربڵاودا فیلمەکانی حیزبیان لە شێوەی ـدا بڵاو کردەوە، بەتایبەت فیلمی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی بەشکۆی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەپێی هەواڵی گەیشتوو، خەڵکی ئەو شارە سەربەرزانە بە بینینی ئەو فیلمە چاویان ڕوون بووەوەو بووە مایەی خۆشحاڵییان.

بەشی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب، ئافەرین دەنێرێ بۆ ئەو لاوە بەهەستو نیشتمانپەروەرانەو ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازێ.

❊❊

## لاوێکی تەمەن هەژدە ساڵ، لە گوندی میراوای دەشتی ورمێ کوژرا

بەپێی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتوە، ماوەیەك لەمەوپێش دوو لاو لە گوندی میراوای دەشتی ورمێ لە کاتی زەماوەندا، بەشەڕ دێنو بەداخەوە لەو شەڕەدا، لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ، بە ناوی "نیما"، لە لایەن لاوێکی دیکەوە دەدرێتە بەر پەلاماری چەقۆو بە هۆی قورسبوونی برینەکەی گیانی لەدەست دەدات.

ئەو دوو لاوە یەکێکیان سەر بە تایەفەی "بەگزاە"و ئەوی دی سەر بە تایەفەی "سەیدەکان" بووە، ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو تایەفەیەداو کێشەکە چەندین گوندی ناوچەی "تەرگەوەڕ"و "مەرگەوەڕ" دەگرێتەوە. لە ئاکامدا، چەند کاری ناشایستو دوور لە فەرهەنگی کوردەواری وەك سووتانی گەلاجاڕو بڕینی درەختی باخەکان ڕوو دەدا. هەتا ئێستا دەوڵەت بۆ دامرکاندنەوەی ئەو کێشەیە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە. ئێمە وێڕای بەداخبوون لە ڕوودانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە، داوا لە هەر دوو لا دەکەین کە کۆتایی بە کێشەکە بێننو هیوادارین مامۆستایانی ئایینیو ڕیشسپیەکانی ناوچە بتوانن کێشەی نێوان ئەو دوو تایەفەیە چارەسەر بکەنو ڕێگاچارەیەکی شیاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە.

## کۆچی دوایی "کاك مەلا برایم دۆڵەگەرمی" ئەندامی دڵسۆزی حیزب

شەوی هەینی، ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی، هاوڕێ "مەلا برایم دۆڵەگەرمی"، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە چەندین ساڵ لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەك فەرماندەی نیزامیو کادرێکی هەڵسوڕ تێکۆشانی هەبوو و لەم ساڵانەی دواییدا وەك پەنابەر لە وڵاتی سوئێد دەژیا، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە دۆستو ئاشنایانو هاوسەنگەرانی کرد. بەم بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیو هەموو خزمو کەسو دۆستو ئاشنایانی ئەو تێکۆشەرە دەکەینو خۆمان لە خەمی لەدەستدانیدا بە شەریكو بەشدار دەزانین.

**ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئاواتەکانی پڕڕێبوار بێ**

**کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## ڕێژیم لە نێوان شارەکانی سەقزو بانەدا، ساڵانە سەدان کیلۆ زێڕ بەتاڵان دەبا

بەپێی هەواڵێ کە لە نێوخۆی وڵاتەوە بە دەستمان گەیشتووە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتی بەتاڵان بردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستاندا، دەستی کردوە بە گەڕان بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بۆدۆزینەوەی سەرچاوەی سروشتی، بەتایبەت دۆزینەوەو بەتاڵان بردنی کانگای زێڕ. بۆ نموونە کانگای زێڕی "کەرەویان" کە لە نزیك گوندی کەرەویان هەڵکەوتوو لە جادەی سەقز ـ بانە دایە، ساڵانە سەدان کیلۆ زێڕی ئەو کانگایە بەتاڵان دەباتو بۆ شاردنەوەی ئەو بەتاڵان بردنەش، هەوڵ دەدات تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ کەڵك لە کرێکاری کورد وەرنەگرێ. ئەو تاڵانو بڕۆیە لە کاتێکدایە، کە زۆرێك لە خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیانو خێزانەکانیان بە هۆی لەدواکەوتوویی ڕاگیرانی کوردستان، ڕوو دەکەنە شارە گەورەکانی ئێران تا لە ڕێگای کاری سەختو تاقەتپڕوکێنەوە، ژیانی دژواری خۆیان بەڕێوەبەرن.

## کوژرانی هاووڵاتییەك لە شاری مەهاباد

چەند ڕۆژ لەمەوبەر هاووڵاتییەك بە ناوی "حوسێن پەرئەنداختیان" خەڵکی مەهاباد، بە گوللەی قەنناسە دەکوژرێو تەرمەکەی لە گۆڕستانی تاقەداری شاری مەهاباد دەنێژرێ. هێشتا هۆی کوژرانی ناوبراوو هەروەها بکوژ یان بکوژانی ناوبراو ڕوون نەبۆتەوە.

## حاجی ئەسەدی بە هاوکاریی دەوڵەت، ماوەی ٣ ساڵە تەنگی بە دانیشتووانی گوندی "هەمزەکەندی"ی ناوچەی سەڵماس هەڵچنیوە

بەپێی هەواڵێك کە لە ناوەندی ٣ی کوردستانەوە بە دەستمان گەیشتوە، چەند ڕۆژ لەمەوپێش سەعات ١٠ی شەو، دەیان کەس لە پیاوەکانی "حاجی کچیك خانی ئەسەدی"، دەچنە مەزرای "عادڵ شێخ کانلوو"و دەیانەوێ بە زۆرو زۆرداری بە تراکتۆر زەوییەکانی عادڵ (کە کوردە) بکێڵن، بەڵام عادڵ پێشیان پێدەگرێو دواتر ئەو بەکرێگیراوانە هەڵ دەکوتنە سەر ماڵی عادڵو بێحورمەتی بە ژنو منداڵی ناوبراو دەکەنو دیواری ماڵەکەی دەڕوخێنن. عادڵیش بۆ پاراستنی گیانی ژنو منداڵەکانی، چەك دەردێنێو تەقەی هەوایی دەکات. دەگوترێ حاجی کچیك ئەسەدی کە پێشتر لەگەڵ برازاکەی "فەرامەرز ئەسەدی" لەسەر زەوی کێشەی هەبووە، دەستوور بە حوسێنی برای دەدات کە تەقە لە فەرامەرز ئەسەدی بکات بۆ ئەوەی "عادل شێخ کانلو"ی کورد وەك بکوژ تاوانبار بکرێتو بەمجۆرە هەم لەدەست عادلی کوردو فەرامەرزی برازای ڕزگاری ببێو بتوانێ بە ئاسانی دەست بەسەر موڵكو ماڵی گوندەکەدا بگرێت. شایانی باسە "حاجی ئەسەدی" کە تورکێکی بانفووزە لەگەڵ حکومەتدا نێوانی خۆشەو کاری سیخوڕیش بۆ دەوڵەت دەکات. عادلی شێخ کانلوو لەبەر پاراستنی گیانی خۆی لەو گوندە دێتەدەرو لە شوێنێك خۆی حەشار دەدات. خەڵکی ناوچە دەڵێن، حسێن ئەسەدی کە دەزانێ عادل هەڵهاتووە، بڕی ٦ میلیۆن تمەن بەرتیل بە "سەروان تەوحیدپوور"، ئەفسەری ئیدارەی ئاگاهی دەدات تا ئەو قەتڵە بخاتە پاڵ عادل شێخ کانلوو. دواتر پیاوەکانی کچیك خانی عەجەم، براکانی عادل، بە ناوەکانی تاهیرو فەخرەدین دەگرنو زۆر بە شێوەیەکی دڕندانە شکەنجەیان دەدەن. دواتر ١٣ کەس لە کوردەکان دەستگیر دەکەنو بە کوردەکان ڕادەگەیەنن کە ئەگەر عادل خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەو سێزدە کەسە وەك قاتڵ دادگایی دەکەن. دواتر عادل ناچار خۆی بەدەستەوە دەداتو ئەو سێزدە کەسەش بە تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی فەرامەرزدا بە ٢ تا ٦ مانگ زیندان مەحکووم دەکرێن.

شایانی باسە کە پیاوەکانی حاجی ئەسەدی، مەڕوماڵاتی کوردەکانیان تاڵان کردوەو نەیانهێشتووە کە کوردەکان لەسەر زەویو باخەکانیان کار بکەنو بەو هۆیەوە زۆرێك لە باخەکانیان وشك بوون. هەروەها ڕێگایان نەداوە منداڵە کوردەکان بڕۆنە قوتابخانەو بەناچار ئەو منداڵە

بۆ لاپەڕەی ١١

# ئێــــران، کوردەکان لە خەو رادەپەڕن!(١)

**نووسینی: کریس کوچێرا** **وەرگێڕانی: ئەحمەد ئەسکەندەری**

**سەرچاوە:** Paris 21/10/2004, Le Nouvel Obs

**رۆژنامەنووسێکی "رۆژهەڵات" ئەڵێ: "دەسەڵاتداران داوایان لێکردووین کە زۆر لەسەر فیدرالیزم نەڕۆین، بەڵام ئێمە هەر باسی دەکەین. ئێمە ئەو وتارانە بڵاو دەکەینەوە کە لەسەر ئەو وڵاتانەن وا بەشێوەی فیدراڵی بەڕێوە دەچن. هەروەها لەسەر شێوەی جۆراوجۆری فیدرالیزم. ئێمە کە ناتوانین راستەوخۆ لەسەر کێشەکانی کوردی ئێران قسە بکەین، لەسەر کێشەی کوردەکانی دیکە دەدوێین."**

سنە، کە شارێکی ٣٥٠ هەزار کەسییەو پایتەختی ئوستانی کوردستانە، یەکێکە لە چوار ئوستانە کوردییەکانی ئێران. ئەم شارە زۆر مۆدێرنترو ئاوەدانترە لە "پایتەختەکانی" دیکەی کوردستان، واتە سلێمانیو هەولێر لە عێراقو دیاربەکر لە تورکیا. لە مەیدانی ئینقلابەوە بۆ مەیدانی ئازادی، لە کۆتایی رۆژدا خەڵکێکی ئێجگار زۆر بەرچاو بەپەلە خەریکی هاتوچوون لە پیادەڕەوەکانی خیابانی فێردەوسیو هەروەها لەنێو ئەو فرووشگا بازرگانییە ئێجگار مۆدێرنانەدا کە تازە لە شەقامی پاسداران کراونەتەوە. لەنێو ئەم حەشاماتەدا ژمارەی گەنجەکان زۆرە. (ئەم گەنجانە) سەربازن، لەبەر ئەوەی سنە شاری پادگانەکانە، خوێندکاران، لەبەر ئەوەی سنە شاری سەرەکیی زانکۆییو هەروەها پایتەختی رووناکبیریی کوردستانی ئێرانی سوننییە. ئەمەش ئەو پێناسەیەیە کە لە دەستی مەهابادی رفاند لەوەتی چوار زانکۆی تێدا دامەزراوە. ئەوە لە شاری سنەیە کە زۆربەی رۆژنامە کوردییەکان لەم دوایانەدا ئیجازەی چاپبوونیان وەرگرتوە. هەروەها لەم شارەیە کە خوێندکارانی کورد دەستیان کرد بە کۆبوونەوە بۆ رەخنەگرتن لە رۆڵی حیزبە مێژووییەکانی کوردستانو... بۆ دیتنی خەونی سەربەخۆیی کوردستان.

خوێندکارێکی سنەیی ئەڵێ: "خوێندکارانی کورد بە نهێنی لە ژوورەکانی زانکۆکەیان لە سنەو هەروەها لە شارەکانی دیکەی ئێران کۆبوونەوە دەکەنو بە گەرموگوڕی لەسەر دوارۆژی کوردستان قسەو باس دەکەن." ئەم کۆڕانە کە نارەسمیو نایاساین، نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر دامەزران، کاتێك کە خوێندکارەکان بەشێوەیەکی خۆبەخۆ بۆ یادکردنەوەی سێ رووداوی دڵتەزێن بۆ کۆمەڵگای کورد، دەستیانکرد بە کۆبوونەوە" ئەم سێ رووداوەش بومبارانی هەڵەبجە لەلایەن هێزی ئاسمانیی عێراق (١٩٨٨/٦/١٣)، تیرۆرکردنی دوو رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شاری ڤییەن ١٩٨٩/٧/١٣و سادق شەرەفکەندی لە بێرلین لە ١٩٩٢/٩/١٧. لە نێوان ئەم کۆبوونەوە ساڵانەیەدا خوێندکارەکان جاروبار تراکتێکیان بڵاو دەکردەوەو یان "رۆژنامە"یەکیان دەردەکرد کە دوارۆژی نەبوو.

پاش هەڵبژاردنی محەممەد خاتەمی بۆ سەرکۆماریی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو کە خوێندکارە کوردەکان، کە زیاد لە ئەندازە تووشی هیوای درۆینە ببوون، زۆر جیددیتر دەستیانکرد بە خۆڕێکخستنو بەشێوەیەکی رێکوپێك یەکتریان دەدیتەوە بۆ قسەوباسکردن لەسەر فەلسەفەو مێژوو. یەك لەم خوێندکارانە ئەڵێ: "ئێمە کەسێکی وەك "فرانتز فانۆن"مان نیە، بەڵام ئیسماعیل بیشکچیمان هەیە [رووناکبیری تورك کە نزیکەی ٢٠ ساڵ لە زیندانی تورکیادا بوو، لەبەر ئەو کتێبانەی لەسەر پرسی کورد نووسیونی.] ئەو پشتگیری لەوە دەکا کە کوردستان کۆلۆنییەکی نێونەتەوەییە، چونکە ئێمە پێمان وایە ئێران کوردستانی کردوە بە کۆلۆنیی خۆی بۆ چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزانو کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاوو هیدرۆلیك...".

یەکێك لە خوێندکارەکان کە خەریکی ئامادەکردنی دوکتۆراکەیەتی ئەڵێ: "راستی تاڵە. ئێمە بەرەورووی گرفتێکی گرنگی ناسنامەیی بووینەتەوە: گەنجەکان خۆیان لە فەرهەنگی کوردی گێل دەکەنو موسیقای کوردی ناناسن." بەڵام هەموو ئەو گەنجانە بە ریتمی ئەو رووداوانەی کە لەودیوی سنوورەوە لە کوردستانی عێراق لە گۆڕێ دان، دەهەژێن. تەقینەوەکەی رۆژی یەکی فێوریە (شوبات)ی هەولێر کە بوو بەهۆی قوربانیبوونی ١١٧ کەس لە کۆمەڵگای کوردیی عێراقدا، بەتایبەت لە سنە بوو بەهۆی خۆپێشاندانی هاوخەباتیو سەرەخۆشی کە تێیدا هەزاران کەس لەسەر قەبران کۆبوونەوە. هەروەها راگەیاندنی یاسای حکوومەتی کاتی لە بەغدا لە رۆژی ٨ی مارسدا بوو بەهۆی چەندین خۆپێشاندان لە هەموو شارە سوننییەکانی کوردستانی ئێران کە جاری وا بوو تووشی توندوتیژی بوو. ئەم یاسا عێراقییە چی تێدا بوو کە ئەم تەقینەوەی لێکەوتەوە؟ یاساکە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی سەلماند، رایدەگەیاند کە زمانی کوردی یەکێك لە دوو زمانە رەسمییەکەی عێراق دەبێتو سیستمی حکوومەتی داهاتوو فیدراڵی دەبێت. بە قسەی رۆژنامەنووسێکی کورد لە تاران "فیدرالیسم بۆ کوردەکانی عێراق کەمە، بەڵام بۆ ئێمە کە هیچمان نیە، ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە."

ئەم کوردانەی ئێران کە ژمارەیان هەشت تا دە لەسەدی دانیشتوانی ئێرانە، داوای چی دەکەن؟ زۆر زەحمەتە نێوەرۆکی راستەقینەی ئەو هێڵانەی کە لەناو ئەواندا هەیە لێکبدرێتەوە لەبەر ئەوەی زۆربەیان نهێنینو ئەو گۆڤارانەیش کە ئەوان پێناسە دەکا ـ وەك گۆڤاری "پرسیار"، کە لە سێ ژمارە بەولاوەتر نەچوو ـ زۆرجار قەدەغە دەکرێن.

لە هەمان کاتدا لە ناو ئەم تێکەڵاوە جۆراوجۆرەدا رەوتێك بەدی دەکرێ لە رووناکبیرانی "شۆڕشگێڕ" کە بە ئاشکرا لەبەرەی چەپدان. ئەمانە کە لایان وایە "فیدرالیسم نابێ وەکوو رێگاچارەیەکی بەردەوامو یەکجارەکی چاوی لێبکرێ"، داواکاری سەربەخۆیین. یەك لەوان ئەڵێ: "ئێمە خۆمان بە شارۆمەندانی ئەم وڵاتە نازانین. سنوورێك هەیە لە نێوان کوردەکانو ئێرانییەکاندا. کاتێك کە دوکتور رازانی [ئوستانداری تازەی سنە] قسە لەسەر "ژێرفەرهەنگیی کورد" دەکا، ئێمە ناتوانین ئەوە قەبووڵ بکەین، ئێمە ناتوانین ئەو کەسانە قبووڵ بکەین کە فەرهەنگەکەی خۆیان بەسەرماندا دەسەپێنن."

لە کاتێکدا کە هێندێك لە رووناکبیرانی کورد ئەم رەوتە بە رەوتی زاڵ دادەنێن، کەسانێکیتر دڵنیامان دەکەن کە ئەمڕۆ بەرەی "کاری هەنگاو بەهەنگاو" زۆر زیاترن لە "سەربەخۆییخوازەکان". ئەوانەی لایەنگری "کاری هەنگاو بەهەنگاو"ن دەڵێن چی؟ ئەوان دەڵێن کە "ناتوانین پارێزگاری لە بیری سەربەخۆیی بکەینو پێویستە ریالیست بینو خەونەکانمان لەگەڵ راستییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگونجێن، لە دنیایەکدا کە بەجیهانیبوون زاڵە، بەکاری هەنگاو بەهەنگاو بە ئامانج دەگەین."

لە هەمان کاتدا نزیك بە تەواوی سەربەخۆییخوازانو ریالیستەکان کۆکن لە دژایەتیکردنی خەباتی چەکداریدا. ئەو رووناکبیرە کوردانەی کە لە ماڵێکدا کە بە ئاڵای کوردستان رازاوەتەوە کۆبوونەتەوە (ئاڵای میللەتێکی نادیار)، ئەوە دەسەلمێنن کە "ئێمە لە ئەزموونو لە مێژوو دەرسمان وەرگرتوە، ئێمە خوازیاری ژیانێکی ئارامین." خانمێك کە لە یەکێك لەم تاقمانەدا هەڵسووڕاوە، دەڵێ: "من منداڵم هەیەو نامەوێ کوڕەکەمو کچەکەم فارسێك بکوژن. پێچەوانەکەشی هەروا." بەرپرسێکی گۆڤارێکی کوردی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "کوردەکانی دەرەوەی رەخنەمان لێ دەگرنو لەسەر ئەم بۆچوونەمان ئیرادیان هەیە. دەوڵەتیش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێمە جوداییخوازین. کەوابوو هەمووان رەخنەمان لێدەگرن." هەروەها ئەم کەسە دڵنیامان دەکاتەوە کە "رووداوەکانی عێراق بەشێوەیەکی ئەرێنی کارێگەریی هەبووە لەسەر حکوومەتی ئێران کە دەبێ خۆیان لەگەڵ چوارچێوەی ئێستاداو لەگەڵ رەوتی نوێی جیهانیدا رێك بخەن." ئەمەش رێگا ناگرێ لە پیاوێکی گەنج لە کۆڕەکەدا کە ئەڵێ: "لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێموکراسی نیەو دیالۆگ هیچ شتێك چارەسەر ناکا."

لە کاتی ئێستادا ئەم تێکەڵی بیروبۆچوونە بۆ تاران هیچ جێگای مەترسی نیە، لەبەرە ئەوە نە رێکخراوەو نە چوارچێوەیەکیشی هەیە. ئەمەش سەرەڕای هەبوونی دوو حیزبی کوردی کە ئەزموونێکی دوورودرێژی خەباتی سیاسیو خەباتی چەکدارییان هەیە" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)و کۆمەڵە. ئەوە راستە حدکا کە وادیارە تا رادەیەك لە ناو گەنجەکانی لادێدا خۆشەویستە بەهۆی تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملوو سەعید شەرەفکەندییەوە ئێجگار زۆر لاواز بووەو رووناکبیران باوەڕیان پێ نەماوە. خوێندکاران لە خەباتگێڕە قەدیمەکان رەخنە دەگرن کە بەپێی پێویست رادیکاڵ نین کە لە باتی فیدراڵیسم داوای خودموختاری دەکەن(٢) و بەتایبەت ئەوەی کە نەیانتوانیوە تەلەڤیزیۆنێکی ساتەلایت دابمەزرێنن. کۆمەڵەش، کە لەسەر کێشەی ئیدئۆلۆژیکی بێکۆتایی لەسەر شێوەکانی شۆڕشی سوسیالیستی، لەتلەتبووەو داهێزراوە، کەوتۆتە بەر رەخنەی زۆر توند. خوێندکارانی کوردی ئێران لە راستیدا رەخنەیان لە حیزبەکانیان ئەوەیە کە "نەیانزانیوە نە چۆن شەڕ بکەنو نە دیپلۆماسی."

رووناکبیرانی پێشکەوتنخوازی کورد بە دڵئاواڵەییەوە ئەوە دەسەلمێنن کە هاونیشتمانەکانیان هەموویان شۆڕشگێر نین. هەروەها ئەوەش دەسەلمێنن کە لە کوردستان رەوتگەلێکی گرنگی بونیادگەرایی سوننی هەیە کە زانیویانە چۆن جەماوەر وەگەڕ بخەن، ئەویش پاش مردنی دوو کەسی ئایینی سوننی" ئەحمەد موفتیزادە، ئیمام جومعەی سنە کە پاش ئەشکەنجەدان، ساڵی ١٩٩٣ (١٣٧٢) مرد،و مەلا محەممەد رەبیعی ئیمامی سوننیی نوێژی جومعەی کرماشان (کە زۆرینەی خەڵکەکەی شیعەن) کە ساڵی ١٩٩٦ (١٣٧٦) تیرۆر کرا. ئێستاکە ئەم خەڵکە هەم بونیادگەرانو هەم... لایەنگری سەددام. لەگوێن رۆژنامەنووسێکی کوردی سنەیی "خەڵك خراپ ئاگادار کراون. کەسانی وا هەن کە تەنانەت نازانن لە هەڵەبجە چی قەوماوە، خۆیان گێل دەکەن لە گەورەبوونی تاوانەکانی سەددام حسێن."

ئەوەش راستە کە رۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سنووری پێنج شەش بڵاوکراوەدا ماوەتەوە کە لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠دا لە دایك بوونو ١٠ هەزار تا ٢٠ هەزار دانەیان لێ چاپ دەکرێ. ئەم رۆژنامانە ـ کە لە راستیدا هەفتەنامەنو کەمتاکورتێك بە رێکوپێکی بڵاو دەبنەوە ـ بە پێی یاسای رۆژنامەگەری دوو زمانەن، بەڵام بەشە فارسییەکەی وەرگێڕدراوی بەشە کوردییەکەی نیە. بە واتای رۆژنامەنووسەکانی "ئاشتی" کە لە مانگی دووی ٢٠٠٤وە دەردەچێ، "هێڵی سوور زۆرن. ئێمە ناتوانین زۆر باسی کورد بکەین، لەوە کەمتریش دەتوانین باسی کوردی ئێران بکەین."

رۆژنامەنووسێکی "رۆژهەڵات" کە یەکەم ژمارەی رۆژی ١٨ی مانگی دووی ٢٠٠٤ دەرچوو، ئەڵێ: "دەسەڵاتداران داوایان لێکردووین کە زۆر لەسەر فیدرالیزم نەڕۆین، بەڵام ئێمە هەر باسی دەکەین. ئێمە ئەو وتارانە بڵاو دەکەینەوە کە لەسەر ئەو وڵاتانەن وا بەشێوەی فیدراڵی بەڕێوە دەچن. هەروەها لەسەر شێوەی جۆراوجۆری فیدرالیزم. ئێمە کە ناتوانین راستەوخۆ لەسەر کێشەکانی کوردی ئێران قسە بکەین، لەسەر کێشەی کوردەکانی دیکە دەدوێین." رۆژنامەنووسێکی "ئاسۆ" کە بە راشکاوانە خۆی بە "شۆڕشگێڕ" دەزانێ، ئاوا باسەکە دەکاتەوە: "یاسای رۆژنامەگەری، رێگامان پێ دەدا کە نزیکەی بیست لە سەدی بیروڕای خۆمان بنووسین. ئێمە خەریکین لەسەر پشتی دووپشك دەڕۆین."

## گفتوگۆی دەوڵەتی خاتەمی لەگەڵ کوردەکان

"لەوەتی سەرۆك خاتەمی گەیشتۆتە دەسەڵات، ئێمە ئەمرمان پێکراوە کە کێشەی کورد لە رێگای وتووێژەوە چارەسەر بکەین." ئەمە قسەی کارمەندێکی باڵای وەزارەتی نێوخۆیە کە بەرپرسی دۆسیەی کوردە. لە راستیدا ساڵی رابردوو لە سلێمانی چاوپێکەوتن هەبوو لە بارەگاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی جەلال تاڵەبانی لەنێوان نوێنەرانی حکوومەتی ئێرانو یەکێك لە دوولایەنەکەی کۆمەڵە واتە عەبدوڵڵا موهتەدیو براکەی سەلاح موهتەدی کە "سەربەخۆ"یە. پێوەندی لەگەڵ عەبدوڵڵا کە داوای حاڵەتێکی فیدراڵی دەکا بۆ کوردەکانی ئێران پچڕا، بەڵام براکەی، سەلاح موهتەدی بانگهێشتن کرا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرانی ئێران بکا. حیزبی دێموکراتیش کە داوانانەوەکەی ڤییەننای لەبیر نەچۆتەوە (تیرۆری قاسملو لە ١٩٨٩دا) چەندین شەرتی داناوە [بۆ وتووێژ] کە بەلای کاربەدەستانی ئێرانییەوە نەگونجاون: حدکا لە راستیدا داوا دەکا کە ئەگەر هاتو گفتوگۆیان کرد، دەبێ بە ئاشکرا رابگەیەندرێ، لە ئورووپاو بە بوونی چاوەدێرانی ئورووپایی بەڕێوە بچێ.

دەسەڵاتدارانی ئێران هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە حیزبە کوردییەکانی ئێران ئێستا بە کارتی ئەمریکا کایە دەکەن" کاربەدەستێکی باڵای ئێران ئەڵێ: "ئومێدی ئەم حیزبە کوردییانە ئەوەیە کە ئەمریکا هێز بنێرێو هێرش بکاتە سەر ئێرانو ئەوانیش هەمان رۆڵیان هەبێ کە پارتی مەسعوود بارزانیو یەکیەتیی جەلال تاڵەبانی لە عێراق بوویان. ئەمانە بە ئەمریکاییەکانیان وتوە کە توانایی ئەوەیان هەیە دەیان هەزار کەس چەکدار بکەنو کوردستان رزگار بکەن، بەڵام ئەمریکاییەکان نایانەوێ ئێران بورووژێنن، چونکە ئێمە دەتوانین کاریگەرییەکی گەورەمان هەبێ لەسەر رووداوەکانی عێراق.

١ـ ئەم بابەتە لە سایتی "کوردستان نێت" وەرگیراوەو بە دەسکاریی رێنووسییەوە بڵاو دەکرێتەوە.

٢ـ ئەم راپۆرتە پێش بەسترانی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکرات کە دروشمی خودموختاریی گۆڕی بۆ فیدراڵیزم نووسراوە.

❊❊❊




دیمەنێك لە شاری سنە

# گرنگیی ئامادەیی کاراکتەری ژن

## لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا

عەولا بەهرامی

راگەیاندنی دامەزران‌و دەسبەکاربوونی ڕێکخراوێکی سیاسی لە تورکیە کە لەیلا زانا، ژنە خەباتکاری کورد یەکێك لە کاراکتەرە بەرچاوەکانی ڕێبەرایەتی‌یەکەی دەبێ، بە دیاردەیەکی نوێ‌و لە هەمان کاتیش‌دا پڕبایەخ دەژمێردرێ" نوێ لەم بارەیەوە کە بزووتنەوەی سیاسی‌و نەتەوایەتیی کورد تا ئێستا نەی‌توانیوە کاراکتەرێکی ئەوتۆ دروست بکا، یان لێی بەهرەمەند بێ. بۆیەش پڕبایەخ چونکە دەرکەوتنی ئەم دیاردەیەو ئامادەیی کاراکتەری ژن لەلایەك بە سەرەتای قۆناخێك دادەنرێ کە لەودا ناکرێ چی دیکە ژنان پەراوێز بخرێن‌و لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێ کاریگەریی زۆری هەبێ لە خێراترکردنی پرۆسەی گۆڕانکاریی‌یە کۆمەڵایەتی‌و کلتووری‌یەکاندا.

هەرچەند کەسایەتیی سیاسیی لەیلا زانا تەنیا بۆ ئامادەیی ئەو لە سەرکردایەتیی ڕێکخراوێکی سیاسی‌دا ناگەڕێتەوە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشترو بۆ ئەو قۆناخە بەرایی‌یانەی کەسایەتیی ئەو کە بە ئامادەیی‌و هاتنەمەیدان، خەباتی لە دژی نائامادەیی‌و پەراوێزبوونی ژنانی کورد لە رووداوو گۆڕانکاری‌یەکان‌و بەگشتی مێژووی کورددا راگەیاند. ئەم ئامادەیی‌یە پڕ لە بوێریەش هەرچەند باجی قورسی لەو وەرگرت، بەڵام لە بەرامبەردا کردی بە کەسایەتی‌یەك کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌ش‌دا بناسرێ‌و دانی پێ‌دا بنرێ.

**کاراکتەری ژن هەنگاونان لە نائامادەیی‌یەوە بەرەو ئامادەیی:**

ئەگەر دوو دەیەی رابردوو بە چڵەپۆپەی ئامادەیی ژنی کورد لە گۆڕەپانی چالاکیی سیاسی‌و هەروەها بەشداریی لە شێوازەکانی دیکەی خەبات (بۆ وێنە خەباتی چەکدارانە)دا دابنرێ، بەو حاڵەتەش بەهۆی بەهێزیی کلتووری پیاوسالارانە چ لەنێو کۆمەڵگاو چ لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەداو لەپاڵ ئەوەش‌دا بەهۆی دژواری‌و سەختیی کاری سیاسی لە کوردستان، ئامادەیی ژن زۆر کەمڕەنگ‌و تەنیا لە ئاستی ئامادەیی فیزیکی‌و رواڵەتی‌دا بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکەم، کۆسپە نەریت کردەکان نەیان‌هێشتوە بەشداری‌و ئامادەیی ژنان لە کارو چالاکیی سیاسی‌دا بەشداری‌یەکی ئازادانە بێ‌و بەدوور بێ لە شوێندانانی فاکتەری بنەماڵەو کۆمەڵگەو بایەخەکانیان. دووهەم" ئامادەیی کلتووری پیاوسالارانەی کۆمەڵگا لەنێو ریزەکانی بزووتنەوە سیاسی‌یەکانی کورددا وای کردوە بەشداری‌و رۆڵی ژنان‌و گرنگتر لەوەش هەوڵدان بۆ بەشداریکردن‌و هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە کارو چالاکیی سیاسی‌دا گرنگی‌یەکی ئەوتۆی پێ ئەدرێ. لە وەها حاڵەتێك‌دا سروشتی‌یە ژنان لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەدا رۆڵێکی گەورەتر لە یاوەری ماڵەوەی پیاوان‌و برین‌پێچ‌و... یان پێ رەوا نەبینرێ.


بەم پێیە ئامادەیی لەیلا زانا وەك ژنێك کە توانیویەتی ببێتە نەك تەنیا کاراکتەرێك، بەڵکوو کەسایەتی‌و کاراکتەرێکی دیارو چالاکی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، لە پاڵ ئەو هەوڵانەی ژنانی وەك ئەو لە بوارەکانی دیکەی وەك چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و کلتووری‌یەکان‌دا دەستیان پێ کردوە، هەنگاوێکی جیددی‌یە لە نائامادەیی‌یەوە بەرەو ئامادەیی‌و بەرەو ئەو جێگایەی تاکی ژن‌و تاکی پیاو وەك یەك‌و ئازادانە بەشداری ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەیان بن‌و سەنگی وەك یەکیان هەبێ.

**گرنگیی ئامادەیی‌و خەسارەکانی نائامادەیی کاراکتەری ژن:**

ئامادەیی ژن لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگایەك هەر لەو حاڵەتەدا کە یەکێکە لە نیشانەکانی پەرەئەستاندنی کۆمەڵگاو بەجێ‌هێشتنی پێوەندی‌یە سوننەتی‌یەکانی کۆمەڵگا، فاکتەرێکی گرنگ‌و کاریگەریشە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری‌و هەروەها خێراترکردنی رەوتی گۆڕانکاری‌یەکان لە بوارە جیاجیاکاندا. سەرەڕای ئەوانە، ئامادەیی کاراکتەری ژن‌و بەربلاویی چالاکیی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانداو یەك لەوان کارو چالاکیی سیاسی‌و بەڕێوەبردنی وڵات نیشانەی گەشەی ئازادیی تاك‌و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگاشە لە کلتووری پیاوسالاری.

ئامادەیی ئازادانەی ژن لە کۆمەڵگا دواکەوتووو داخراوەکاندا گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەیە. ئەم ئامادەبوونە (بەتایبەت لە چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکاندا) وێڕای ئەوەی کە دەتوانێ شوێنەواری راستەوخۆی هەبێ لەسەر پەرەئەستاندنی ئازادی‌یە کۆمەڵایەتی‌و تاکەکەسی‌یەکاندا، هەنگاوێکی بە بایەخیشە بۆ گەڕاندنەوەی وزەو توانا لە کارنەکراوەکانی ژنان (وەك نیوەی حەشیمەت) بۆ کۆمەڵگاو بەهرەمەندکردنی کۆمەڵگە لە وزەو توانا ماددی‌و مەعنەوی‌یەکانی ژنان.

نائامادەیی ژنان لە هەرکام لە بوارەکاندا کۆمەڵێك خەساری قەرەبوونەکراوەی هەم بۆ کۆمەڵگای کوردەواری‌و هەمیش بۆ ژنان بەتایبەتی بەدواوە بووەو بەدواوە دەبێ. ئەو نائامادەبوونە خۆی لەخۆیدا یارمەتیی بەردەوامی کردوە بە درێژەکێشانی دۆخی پڕ لە چەوسانەوەو بێ‌بەشیی ژنی کورد بە پلەی یەکەم‌و هێشتنەوەی یەکێك لە سیما هەرە دزێوەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری کە بریتی‌یە لە ژێرچەپۆکەبوونی ژنان‌و بەهێزمانەوەی کلتووری پیاوسالاری‌و نەریتە سواوە فیودالی‌یەکان.



لەیلا زانا

نائامادەیی ژنان لە بواری خەباتی نەتەوایەتی‌و سیاسیی کوردیش‌دا کە وەك گرنگترین بواری کارو چالاکیی کۆمەڵایەتی چاوی لێ‌دەکرێ، لەلایەك بزووتنەوەکەی لە توانا‌و لێهاتوویی ژنان بێبەش کردوەو لەلایەکی دیکەشەوە سیمایەکی تەواو پیاوانەی هەم بە پێکهاتەو هەمیش بە سەرکردایەتی‌یەکەی بەخشیوە. ئەوە لە حاڵێك دایە ژنان پێویستە بە ئامادەبوون لە ریزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌دا هەم بزووتنەوەکە بەهێز بکەن‌و هەمیش لە نێوەرۆك‌دا سیمایەکی پێشکەوتووانەی پێ ببەخشن.

بەکورتی دەتوانین دەرکەوتنی لەیلا زانا وەك کاراکتەرێکی بەتوانای ژن لە بواری سیاسی‌دا بە دیاردەیەکی گرنگ‌و بەبایەخ چاو لێ بکەین‌و بە سەرەتای قۆناخێکی دابنێین کە ئامادەیی کاراکتەری ژن بەرەبەرە خەسارەکانی نائامادەیی قەرەبوو بکاتەوەو سیمایەکی پێشکەوتووو جوان ببەخشێتە بزووتنەوەی سیاسیی کوردو کۆمەڵگای کوردەواری.

❊❊❊

# ژیانی ئەمرۆم ئەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی

عەلی بداغی

لێرە بە هێمنی هەنگاو بنێ، هاکا دیسان دەنگی تەقینەوەی مین لە نێو ئەشکەوتی ئەو شاخانەدا دەنگی دایەوە,و پڕمەی وڵاغی قاچاخچی و هانکە هانکی کۆڵبەرانی ماندووی بڕی, ئەرێ ئەو کۆڵبەرانەی وا ژیانیان بۆتە چیرۆکی کارەسات و هەڵپرووکان قاچاغچین؟

نا ئەوانە قاچاغچی نین, کاسبکارگەلێکن لە گەرووی شێردا بە شوێن پاروو نانێك دا دەگەڕێن، بەجەرگترین مرۆڤەکانی ئەم گۆی زەوی‌یەن کە سینگیان پڕە لە چیرۆکی کارەسات و سات بە ساتی ژیانیان ململانێی مەرگەو ژیان. هەر یەك لەوان باری هەزاران خەم‌و کارەساتیان لە کۆڵ ناوە و قوربانی‌یەکن بە تاوانی ژیان ئایەتی مەرگیان دەپژێننە کۆشی مان و هەناسەیان‌و، چ را تلەکێنەروخەمهێنەرە، تەنانەت روانین و ورد بوونەوەیەکی کورت لە بەشێکی زۆر چووك لە شەوەژان و ئازارەکانیان.

ئەوان قاچاخچی نین، بەڵام، بێکار و بێ‌کاسبین و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوژمنی سوێندخواردوو و نەیاری قەستەسەریان ئەو ناوەی بە سەردا بڕیون تا هەر وا سووك‌و سانا هەموو جۆرە تۆمەتێکیان بخاتە پاڵ و دەستی ئاوەڵا بێ بۆ هەموو جۆرە سەرکوتێك و هەر چەشنە رم کردنیان. لە بیرمان نەچێ ئەو "قاچاخچی"یانە بەشێکی زۆر لە ئەو"رەسەنترین" نەتەوەی ئێرانی و "بوێرترین سنوور پارێزانی" وڵاتن کە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم وەخت‌و ناوەخت و لە کاتەناسکەکان دا بەسەریاندا هەڵدەڵێن, کەچی ئەوان بە کۆڵە مەرگی دەژین و ژیانیان وە مەترسی دەخەن بۆ وەی پاروە نانێك بۆ ماڵ و منداڵیان وەدەست بێنن. ئەوان لەناوچەیەك دادەژین کە بە وتەی پایەبەرزانی رژیم "لە هێمن‌ترین و ئەمنترین" ناوچەکانی وڵاتە, کەچی کارو کاسبی و کارگەو پێشەسازی و ئاوەدانی تیاقاتە.

ژیان لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان دا گەلێك تاقەت پرووکێن و پرهەژمەتترە لە چاو ناوچەکانی دیکەی کورستان.

ئەو ناوچانە هەموو کات و زیاتر لە شوێنەکانی تری کوردستان سووتەمەنیی شەرو پێکدادان بوون, زەوی‌یەکانیان بەجێی لەخۆگرتنی دەغل‌ودان، بوونەتە کێڵگە مین و هەر بە رووی دانیشتوانی ناوچەکەش دا تەقیونەتەوەو دەتەقێنەوە.

لە نێوان شەری ئێران و عێراق زۆرترین زیانیان وێ کەوت و لە سەردەمی بە ناو ئاوەدانی و"سازەندەگی "دا کەمترین ئاوریان لێ درایەوە و ئێستاکەش زۆرترین قوربانیانی کارساتەکانی پاشماوەی شەرو درێژەی سیاسەتە شوڤینانەکانی ڕێژیم هەر لەو گەلەن. گەلێك کە تەنانەت ژیانی‌کۆڵبەری‌و شەو بە کێویشی پێ رەوا نابینن.

رامان لە ژیانی کولەمەرگی و پراوپڕ لە دۆخی لە گێرانەوە نەهاتووی ئەم خەڵکە, ویژدانی وەخەبەری هەر مرۆڤێکی دەروەست بە مرۆڤایەتی دەهەژێنی. ئەوان دەزانن تەقەیان لێ دەکرێ‌و دەکەونە بەر دەسرێژی هێزەکانی ڕێژیم,ئەوان دەزانن مینە نووستوەکانی ژێر دڵی خاك، چاوەڕوانیان دەکەن و هاکا گرمەیەك و پەڕینی دەست‌و لاقێك، لە لێدان کەوتنی دڵێك و هەتیو بوونی منالێکی چاو لە دەرگاو بێ سەپەرەست‌و بێ نانهێنەر مانەوەی بنەماڵەیەك و... ئەوان باش دەزانن سەرماوسۆڵ‌و بەفرو کرێوە بێ بەزەیی‌یە, لەوانەیە برستان لێ ببڕێ‌و رەقیان هەڵێنی یا خۆ بکەونە ژێر رنووی بەفرو لەوانەشە بەرگەی رەوەزو هەوڵدێران نەگرن و بکەونە بەر رقی سرووشت، بەڵام نیازی کۆشیك منداڵی برسیی چاوەڕوان, نەبوونی هیچ هیوایەك بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی ژیان تین وەبەر هەنگاوەکانیان دەنێ و وادەکا بیر لە گرفت و کۆسپ و کۆستەکانی بەردەم رێیان نەکەنەوە.ئەوان رێگای هات‌و نەهاتیان دەگرن کەچی لەو لا دڵەخورپە بۆ ساتێکیش لە بنەماڵەکانیان نابێتەوە کە ئاخۆ بلێی کاسبکارەکانیان،برا, باوك یا هاوسەرەکانیان جاریکی دیکە سەر بە دەرگای ماڵی دا کەنەوەو بۆ نووچدانی لای وان بێننەوە.

لە راستی‌دا نەئەوان قاچاخچین و نە ئەو کەلو پەلانەی لە سەریان دەدرێنە بەر دەسرێژ, شتومەکی قاچاغن‌و نە کردەوە نامرۆڤەکانی هێزەکانی ڕێژیم لەو پێوەندی‌یە دا پاساو هەڵدەگرن. ئەگەر هێنان‌و بردنی کەلوپەل‌و پێداویستی‌یەکانی رۆژانەی ژیان قاچاغە, بۆ لە سەر سنوورو لە خاڵی "سیفر"ی سنووردا پێشیان پێ ناگیرێ‌و بۆ لە قۆڵایی خاکی کوردستان دا دەکەونە بەر راوەدوونانی هێزەکانی ڕێژیم و چۆنە وا بە سووك‌و سانا سیلەیان لێ دەگیرێ و خەڵتانی خوێن دەکرێن‌و کەلوپەل و شتومەتەکانیشان بە تاڵان دەبردرێن.

کام یاساو ریسای مرۆڤانەو کامە شەرع رێگە دەدا کە کاسبکارانی کورد بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەك بدرێنە بەر دەسرێژی گوللەو ماڵ‌و ژیانیان لێ تێك بدرێ؟ ئەگەر ساتو سەوداو هێنان و بردنی کەلوپەلی ژیان و خواردن‌و کۆڵبەری قاچاخ و تاوانە, کامە یاسا رێگە دەدا بە بێ گرتن و دادگایی کردن سزایەکی وەها توند و نامرۆڤانەیان بەسەردا بسەپێندرێ و بکوژان‌و بریار دەرانی ئەو کارەساتانەش دەسخۆشیان لێ بکرێ و رێزیان لێ بگیردرێ؟

ئەو جۆرە کردەوانەی ڕێژیم ئەو راستی‌یە ئاشکرا دەکەن و دەی‌سەلمێنن کە لە روانگەی ئەوانەوە رۆڵەکانی کورد هەر هەموو بە هۆی کورد بوونیان تاوانبارو نەیارن و کوشتن‌و دەستگرتن بە سەر خوێن‌و ماڵ‌و سامانیان شتێکی ئاسایی, حەڵاڵ و رەوایە. ئەو رێگە پێدانەش لە سەرچاوە ئایینی‌یەکانی ڕێژیم و ئایدۆلۆژیی باڵا دەستەوە سەرچاوەی گرتوە.

ئەگینا هەر لەو پێوەندی‌یە دا روون‌و ئاشکرایە کە خودی بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیم‌و بگرە بریار بەدەستانی ئاستی خوارەوەش بە کەڵك وەرگرتن لە رانت‌و رانتخۆریی نێوخۆی دەزگای دەوڵەتی‌یەکان بە کەلکئاوەژوو لە پێوەندی‌و بەرپرسیارەتی‌یەکانیان بە شێوەیەکی بەربلاو و لە پانتایەکی بەرفراوان دا هەر ئەو شتومەکە قاچاخە! و کەلو پەلی بە مانا راستی قاچاخ لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانرا بۆ قوڵایی شارەکانی ئێران و هەموو ناوچەکانی وڵات رادەگوێزن.

باس لە چارەڕەشیی و بێ ئەنوایی ئەو گەلە بەشخوراوە نە ئەوەیە تەواو دەربڕی مەزلوومییەت و چەساوەیی ئەوان بێ و نە ئەوەیە کە بەو چەند دێڕە ببڕێتەوە. ئەوەی جێ بە هەموو دڵخۆشی‌یەك و لە پەنا ژیانی خێزانیان لێژ دەکا و بەرەو چارەنووسی لێڵ‌و نادیاریان دەبا, بێگومان بێ هیوایی، دۆشداماوی و بێ دەرەتانی‌یە. ئەگینا بڵێی ئەو کاسبکارانە ئەگەر تۆسقاڵێ هیوا شك ببەن کە لە پەنا کەسوکار و خێزانیان و لە شار یا گوندەکانیان کارێك و سەرقالی‌یەك هەبێ, کە بتوانن ژیانیانی پێ دابین بکەن, بێن‌و بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەو مەترسیانەو هەست پێ کردن بە مۆتەکەی مەرگ بە سەر سەریان دا ملی رێگەی هات و نەهات بگرن؟

ئەوان بە تاوانی قاچاخچیەتی گیانیان لێ دەستێندرێ و بارەکانیان زەوت و بە تالان دەبردرێ لە حاڵێکدا زۆربەی ئەو کەسانەی لەو چارەنووسەدا پەلەقاژەی مەرگ‌و ژیانیانە, کرێگرتە یا خۆ کۆڵبەرن و بارەکەش هی خوێان نیەو ئەگەر لە کەمین‌و مەرگیش پارێزراو بووبن, ئەا دەبێ لە بەرامبەر دانی جریمەی قورسی (تا٢٥٠ هەزار تمەن) بگەڕێنەوە سەر کاروباری خوێان!و ئەوە لە حاڵێك‌دایە کە قازانجی ئەو کۆڵبەری‌یە لە رۆژ دا لە ٥٠٠٠ هەزار تمەن بۆ سەرێ تێناپەڕێ.ملدانی ئەوان بەو چارەنووسەش لەو دۆخەرایە کە بێکاری, گرانی, و رۆژ رەشی لە هەموو بارێکەوە تەنگی بە خەڵکی کوردستان هەڵچنیوە. ئەوان لە پڕووکانی لەش‌و گیانیان خۆش دەبن و بەرەو رووی ئەو هەموو مەترسی و کارەساتانە دەبنەوە, تەنیا لە پێناو دەسخستنی لانیکەمی بژیوی ژیانیان و ئەوەش دیاری‌و ویستی ئەو ڕێژیمەیە کە تینووە بە خوێنی رۆڵەکانی ئەوگەلەو لە ریزی دوژمنە سوێندخواردووەکانیەتی. لە راستی دا ئەوە گۆشەیەك لە پێناسەی نەتەوەیەکە کە لە چوار چێوەی ئێرانێکی دژ بە هەموو مافەکانی و نامۆ بە هەموو داوا رەواکانی ناچار بە ژیانێکی کۆڵەمەرگی کراوە.

هەر لە جێ دا هۆی هەڵدانی هەژاری, بێکاری‌و گەشەسەندنیان لە کۆمەڵگای کوردستان دا وپەنا بردنی دانیشتوانی ئەم هەرێمە بۆ هەر چەشنە کارێکی تاقەت پڕووکێن و پر مەترسی دەگەڕێتەوە سەر دواکەوتوو راگیراوی و گەشەنەکردنی کوردستان.

بەڵام هەر هۆی گەشەنەسەندنی کوردستان چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا گرێدراوە بە نێوەرۆکی سیاسەتە شوڤینانەو دژە کوردانەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بەوەی کە هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کوردو خەباتگێرانی کوردستانی وەك چقڵی چاو و لەمپەری جێبەجێ کردنی سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی زانیوەو لە روویەکی دیکەشەوە بەهۆی بیری شوڤینانەو بە بیانووی پرو پووچی وەك نەبوونی ئەمنییەت‌و هەبوونی رەوتی ئازادیخوازی (هەڵبەت لە روانگەی ئەوانەوە جودایی خوازی) کوردستان، نیشتمانی ئێمەیان لە هەژاری و دواکەوتوویی دا راگرتووەو هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی ومێژووییمانی داوەو هەر کاتێکیش مەترسی‌یەك بەرەو رووی دەسەڵاتەکەیان بۆتەوە, کردویانین بە قەڵغانی بەڵاو و نازناوی "رەسەنترین ئێرانی"و بوێرترین "سنوور پارێزی" داوەتە پاڵمان.

سڕینەوەی ئاسەواری هەژاری, بێکاری‌و دواکەوتوویی کوردستان بە گشتی‌و ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان بەر لە هەموو شتێك بەستراوەتەوە بە خۆشکردنی بواری گەشەی سیاسی‌و ئەو جار گۆڕینی روانگەی ڕێژیم سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان و بە دوای ئەوە دا دانانی پلانی کارامەو" بازدەرانەو جەهێشی" لە بواری سەرمایەگوزاری, دامەزراندنی کارخانەو کارگەو پیشەیی‌یەکان و پشتگیری‌یەکان لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنەری دەرفەتی کار و بەشی خسووسی و تەرخانکردنی بۆدجە بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەو مۆدیرنیزە کردنی کشتوکاڵ, ئاژەڵداری و بەشەکانی دیکەی گەشەی ئابووری . ئەوەش نە لە ئێرادەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە و نە ئەو بیرە شوڤینانەو دژی گەلی‌یە لە خۆی دا توانای نوێبوونەوەو بە خۆدا چوونەوە شك دەبا.

❊❊❊

### قانوونی مەشرووتە و کورد

لە قانوونی بنچینەیی ساڵی ١٢٨٥(١٩٠٦) دا هاتوە کە حاکمییەت لە ئێرادەی گشتیی نەتەوەی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ. کە لە راستی دا مەبەست لە "نەتەوەی ئێران" ناسیونالیزمی شوڤینیستی فارسەو تەنیا ناسنامەی فارسی بە رەسمی ناسراوە و فرە نەتەوەییو فرە کولتوری، واتە مافەکانی نەتەوەکانی وەك کورد، تورك، بەلووچ، عەرەب و ... هتد، هیچ جێگەیەکیان لە قانوونی بنچینەیی مەشرووتەدا نیەو حاشایان لێکراوە. ئەو حاشا لێکردنە بەو مانایە دەبووکە پرۆسەی سیاسی قەت نەیدەتوانی دیموکراتیك بێ. تەنانەت ئەگەرهەڵبژاردنی گشتی و دەورەییش بەڕێوە چووبا. ئەمە نیشان دەدا کە قانوونی مەشرووتە لە سەر بنچینەیەکی نادێموکراتیك دامەزرابوو. چونکە جگە لە ناسنامەی فارسی چ ناسنامەیەکی دیکەی بە رەسمی نەدەناسی و هەر چەشنە بزاڤێکی گەلانی دیکە بە گشتیو گەلی کوردی بە تایبەتی بۆ گەیشتن بە مافەسیاسییەکانیان وەك هەرەشە بۆ سەر یەکپارچەیی قەوارەی سیاسیی دەسەڵات دەزانی. هەر لێرەوە،و لە سایەی ئەم قانوونەدا مافە سیاسی، نەتەوایەتی، کەلتووری، فەرهەنگیو هاووڵاتییەکانی گەلانی ئێران پێشێل کران. لەوەها هەلومەرجێك دا، هەر بزاڤێکی نەتەوەیی بە چەك وەڵام دەدرایەوە و بێجگە لە زمانی سەرکوت و قڕکردن رێگا چارەیەکی دیکەی نەبوو. ئەمە بووجێگای مەسەلەی کورد لە پرۆسەی مودیرنیزاسیون لە ئێراندا. لێرەدا قانوونی مەشرووتە کە بە نێو قانوونێکی مودیرن و دیموکراتیك بوو، سێ کێشەو ئاستەنگی مەزنی خولقاند. یەکەم، کێشەی فرەنەتەوەیی multi nations ی بە چارەسەرنەکراوی هێشتەوە، دووهەم، رەوایی‌دا بە ستەمو چەوسانەوەو ئاسیمیلاسیونی نەتەوایەتی. سێهەم ، بوو بۆ پاڵپشتی پرۆسەی سەقەتی مۆدێرنیزاسیۆن لە دەورانی پەهلەویدا.

### پەهلەویی یەکەم و کورد

ئاشکرایە کە هەم بنەماڵەی قاجار کە قانوونی مەشرووتەیان بە شتێکی نەخوازراو داسەپاو دەزانیو هەم لەو سەردەمەدا ئەم قانوونە (سەرەرای کەموکورتییەکانی) بە قازانجی وڵاتانی بیانییش نەبوو، بۆیە رەزاخان بە کودەتایەك کە لە ساڵی (١٢٨٩)دا بە یارمەتیی وڵاتانی ئورووپایی کردی، ئەو بڕە ئازادیو مافانەش کە لەو قانوونەدا دانیان پێدا نرابوو بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەنترالیستیی رەهای پێشێلی کردن. رەزاخان وەك جەماڵ نەبەز دەڵێ، دوژمنی ئازادی، دێموکراسی بووو بیرێکی توتالیترانە، شۆڤینانە و دیکتاتورانە هەبوو. بێگومان بیرو بۆچونێکی ئەوتو نەیدەتوانی سیستمێکی دێموکراتیکی مۆدێڕن دامەزرێنیو مافو ئازادییە نەتەوایەتییەکان دابین بکاو

# ناسیونالیزمی مەدەنی،

# یان گەلاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد

سەرکاو ———— بەشی یەکەم

**ئاماژە:**

**هەر لە سەرەتای پرۆسەی مودیرنیزاسیونی سیستمی سیاسیو پەسند کرانی قانوونی مەشرووتە لە سەر بنەمای بە رەسمی ناسینی ناسنامەی فارسی و پشتگوێخرانی ناسنامەی کوردی لە دوایین ساڵانی دەسەڵاتی قاجارەکاندا، بەردی بناخەی دژایەتی لەگەڵ دیموکراسی، مافی نەتەوەیی، مافی هاووڵاتیتی، بەشداری و پێشبرکی سیاسی، کوشتنی جیاوازییەکانو، هەروەها رەوایی‌دان بە زەبروزەنگ سەرکوت دانرا. هەر لەو دەمەی را تاقمێك بە ناو نووسەر و بیردۆز بە نووسینی کتێبو بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆراوجۆری نازانستی کە لە روانگەی زۆربەی لێکۆڵەرانەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نیە.بە مەبەستی ئینکارو چەواشەکردنی راستییە پێوەندیدارەکان بە کێشەی کوردەوە و داکۆکی لە سیاسەتی رەسمیی دەسەڵاتی حاکم، وەخو کەوتن. کە بەشێکی زۆریان بۆ خوێنەران ناسراون. یەکێك لەو کەسانە، حەمیدرەزاجەلایی پوور، بە ناو کارناسی کێشەی کوردە. ناوبراو لە مانگی خەرمانانی رابردوودا بە بڵاوکردنەوەی بابەتێك بە ناوی، ناسیونالیزمی مەدەنی، گەلاڵەیەك بۆ گەیشتنی "هاووڵاتییان"ی کورد!؟ بە مافەکانیان، لە رۆژنامەی "شەرق"و سایتی"گویا"دا، سەرجەم دەسکەوتەکانی ناسیونالیزمی کوردی لە کوردستانی ئێرانی شێواندوەو بە هێنانەوەی چەند فاکتێکی لاواز، دەیهەوێ دەسەڵاتە پەڕپووت، سوننەتی و نارەواکەی کۆماری ئسلامیی و شوڤینیزمی فارسیی پێ بپارێزێ. بابەتێکی شێواوی ئەوتۆ، پێویستیی بە روونکردنەوەو راڤین هەیە، بو ئەوەی خوێنەرانی بەرێزی "کوردستان" بە گشتی و لاوان بە تایبەتی لە ئەسڵی کێشەکەو مەبەستەکانی ناوبراو تێ بگەنو لە شێوازی بیرکردنوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە دۆزی کورد ئاگادار بن. پێویستە بەر لەوە بەرپەرچی درۆو بۆختانو چەواشەکارییەکانی جەلایی‌پوور بدەینەوە، دەبێ ئاورێك لەو سیاسەتو هەڵوێستە شوڤینیستیو نادێموکراتیکانەش بدەینەوە کە هەشتا ساڵ پترە کوردیان خستۆتە شەڕێکی دوورو درێژو پەراوێزەوە، تابزانین رەگو ریشەی ئەم شەڕو ململانێیە سیاسییە لە کوێ دایە.**

کۆمەڵگای دواکەوتوی ئەو دەم بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی ومودیرنی راستەقینەی پاڵ پێوەنێ. بۆیە کودەتای رەزا پەهلەوی، بوو بە سەرەتای قوناخیکی پرلە ستەم، دیکتاتوری، درندایەتی،زەبروزەنگ، کوشتن، برین، برسێتی، هەژاری، راگواستن، سووکایەتی بە تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی کورد، ئازەری، بەلووچ، عەرەب، تورکمەنو سڕینەوەی جیاوازییەکان. چونکە رەزا خان هەروەك د. یاسن سەردەشتی دەڵێ: "بۆچوونێکی واقعبینانە و پشوویەکی درێژەی نەبوو کە پێویست بوون بۆ گورێنی رەوشە دواکەوتووەکەی ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێڕنو جێکردنەوەی ئاکارەرۆژئاواییەکان تیایدا. شایەنی باسە دامەزراندنی حکوومەتیکی لیبرال، چەسیاندنی دێموکراسی، فرەمێنبەری، داهێنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی لە بەرژەوەندی هەمووان، یەکسانی، بەشداریکردنی سیاسی، دابەشکردنی بەرژەوەندییە ماددییەکان و دادی کۆمەڵایەتی، ئەمانە هەموو مەرجی گرنگی هاتنە دی دەوڵەتی مودیرنن کە رەزا شا هەر بڕوای پێیان نەبوو".


رەزاخان

لە ئاکامی زاڵبوونی روانگەی پاتریمونیالیستی بەسەر پێکهاتەو پێوەندیی دەسەڵات لەم دەورەیەدا، کەشوهەوایەکی پرلە سەرکوتو توقاندن بە تەواوەتی باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشا کە ئیدی قانوونی بنچیتەیی و پارلمان لە سونگەیروانگەیەکی ئەوتۆوەچ مانایەکیان نەما و، بە کردەکی دەسەڵاتی رەزاشا لە چوارچێوەی سوننەتی دا مایەو،و بە تەواوی بەرسینگی گەشەپێدانی سیاسی، واتە پەرەسەندنی بەشداری وپێشبرکی سیاسی لە خەڵك گرت

### هەندێك هەنگاوی رەزاشا بۆ سەپاندنی ناسیونال شوڤینیستی فارسی

رەزاشا لە چەند ئاستی جیاجیا دا و بە چەند شێوە و بە پێی زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگر سەلماندی کە یەکەم، سەپاندنی ناسیونالیزمیکی شوڤینستی فارسیی دەوێ. دووەم، بە هەموو شێوەیەك دژی مافەکانی گەلانی غەیرە فارس و بە تایبەت کوردە و تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە پەنا بردنە بەر ژنوسایدیش ناپریگیتەوە، سێیەم: بۆنیاتنانی حکوومەتیکی ناوەندیی دیکتاتوریی مەبەستە کە، تاکە ئامرازی پاراستن وبردنە پێشی سیاسەتەکانی سیستمێکی ئەوتۆ، هێزو باسکی ئەرتەشە. چونکە هەر وەك دەرکەوت، ناوبراو لە جیاتیی ئەوەی لە ئەرتەش بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەرەشە دەرەکییەکان کەڵك وەربگرێ. بۆ سەرکوت، کوشتو بڕ، راگواستن و تواندنەوەی گەلانی ئێران کەڵکی وەردەگرت. دیارە نابێ ئەوە شمان لە بیر بچێ کە بورژواو دەرەبەگ، ئاریستوکراتو لە هەمووان زیاتر روناکبیرانی شۆڤینیستی فارسیش لەم پێناوە هاوکارو پشتیوانی ناوبراو بوون. رەزاشا بەڕەسمی ناسینی وشەی "ئێران" (١٣١٤)، ویستی وا نیشان بدا کە حکوومەتی ئێران، تەنیا حکوومەتی فارسان نیە، بەڵکوو هی سەرجەم گەلانی ئێرانە. بەڵام ئەمە تەنیا هەوڵێك بوو بۆ پەردە پۆشیی سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی ئەو گەلانە. بۆ نموونە یەکێك لە شۆڤینستانی فارس لەو سەردەمەدا، ئا بەم شێوە زەقو ئاشکرایە رووی راستەقینەی سیاسەتەکانی رەزاخان باس دەکا "پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی مێژووی ئێرانو زمانی فارسیو ئایینیان لا بەرزو مەزنە باش بزانن کە بە لاوازبوونو کەمکردنەوەی دەوڵەتی ئێران، زۆر زەرەرمەند دەبن، هەتا هاووڵاتیان بە پلەی یەکەم خۆ بە ئێرانی نەزانن خۆ بە تورك، عەرەب، کوردو لور بزانن رووخانو مەترسی هەرەشە لە ئێران دەکا لەبەر ئەوە پێویستە خۆمان لە زمانە ناوچەیی و هەستو سوزی عەشایریو هەریمی رزگار بکەینو دانیشتوانی ئێران بکەینە یەك میللەت". ئەم قسەیە لە چەند لاوە جێگای سەرنجە.١ــ پێداگرتن لەسەر بەرزی و مەزنیی زمانو مێژووی فارسی٢ــ هەست کردن بە مەترسیی زمانو مێژووی غەیرە فارسان کە، وەك زمان و کولتووری ناوچەیی و عەشایری باسی کردون ٣ــ رەواییدانو هاندانی کاربەدەستان بۆ بنبڕکردنی ئەم چەشنە مەترسیو هەڕەشانە، بە هەموو جۆرێك، چونکە هەروەك باس کرا قانوون بە تەواوەتی رێگای بەرەنگاربوونەوەیانیدا بوو.

هەروەها چەند نموونەیەکی دیکەی ئەم چەشنە حاشالێکردنانە، یەکەم، قسەکانی کاربەدەستێکی رێژیم بە ناوی "عەلی دەشتی"ن کە لە مەجلیسی ئەودەم دا کردنی، ناوبراو گوتی: "لە ئێراندا کێشەیەك بە ناوی کێشەی کوردەوە نییە، کوردەکان لە ئێراندا وەك کەمینەی نەتەوەیی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت". دووەم، بڕیاری ساڵی ١٩٢٨ واتەبڕیاری یەکدەستکردنی روخساری گەلانی ئێران بوو،کە بە پێی ئەم بڕیارەش لەبەر کردنی جلوبەرگی نەتەوەیی قەدەغەکراو بۆ سڕینەوەی زمانو کولتووری کوردیو زاڵکردنی زمانی فارسیو لە کوردستاندا، ناوی زۆر شوێنی جوغرافیایی وەك، شار، گوند، چۆمو چیا گۆردران. بزووتنەوە کوردییەکانو تێرور، کوشتنو دەربەدەرکردنی سەرکردەکانیاندا. سێیەم، بەشداریکردنی جیددیی لە ئاستی نێوخۆداو دەرەوە لە سەرکوتی بزاڤە کوردییەکان لە ئاستی نێوخۆدا، تێرۆری سمکۆو دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی، گرتنی سەردار رەشیدو راوەدوونانی جافرسانی هەورامانو... هتدو، هەروەها لە ئاستی دەرەوەش بە شداریی لە سەرکوتی شۆرشی ئاگریو گرتنو کوشتنی شۆڕشگێڕانو کوژاندنەوەی بزووتنەوەی شێخ مەحموود، بەستنی پەیمانی سەعدئاباد و پەیمانی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە(١٩٣٤)دا کردو بۆ قەڵاچۆکردنی هەڕەشەی کورد بەو پەری تواناوە هەوڵی دا.

لە ئاکامی زاڵبوونی روانگەی پاتریمونیالیستی بەسەر پێکهاتەو پێوەندیی دەسەڵات لەم دەورەیەدا، کەشوهەوایەکی پرلە سەرکوتو توقاندن بە تەواوەتی باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشا کە ئیدی قانوونی بنچیتەیی و پارلمان لە سونگەیروانگەیەکی ئەوتۆوەچ مانایەکیان نەما و، بە کردەکی دەسەڵاتی رەزاشا لە چوارچێوەی سوننەتی دا مایەو،و بە تەواوی بەرسینگی گەشەپێدانی سیاسی، واتە پەرەسەندنی بەشداری وپێشبرکی سیاسی لە خەڵك گرت. کە هەر وەك باس کرا، بە گشتی دیکتاتورییەکی پرلە زەبرو زەنگی لێ کەوتەوە کە لە مێژوو دا بە دیکتاتوریی بیست ساڵەی رەزا شا ناسراوە. ئەمانە نموونەگەلێکی گچکە بوون لە رەفتاری درندانەی دەسەڵاتی پەهلەویی یەکەم دەرحەق بە کورد.

بە هۆی لایەنگریی رەزاشا لە ئالمانی هیتلێری لە شەڕی دووەمی جیهانیداو، گوێنەدانی بە ئاگادارییەکانی هاوپەیمانان. هێزەکانی بریتانیاو رووسیە لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠دا هاتنە ئێرانو کوتاییان بەو دیکتاتورییە بیست ساڵەیە هێناو ئەرتەشی شاهەنشاهییان هەڵوەشاندەوەو لیکیان پرژو بڵاو کردو شوێنەواریان لە کوردستاندا بریو بۆیە چەکوچولێکی زۆر بۆ خەڵکی کوردستان بە جێ ماو بە رووخانی دیکتاتوریی رەزاشا کورد ئاهی وەبەر هاتەوەو بە خێرایی دەستی کرد بە چالاکی ئاشکرای وڕێکخستن سیاسیو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خومالی لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستاندا.

سەرچاوەکان:

١ــ بیری نەتەوەیی کوردی، جەمال نەبەز

٢ـ ئیمپراتوریای لم، د. رەفیق سابیر

٣ـ کوردستانی ئێران(١٩٣٩ ـ١٩٧٩)، د. یاسین سەردەشتی

٤ـ مەسەلەی کوردو قەیرانی سیاسی لە ئێراندا، د. عەبباسی وەلی، گزنگ ژمارەی ٢١

٥ـ عقل در سیاست. حسین بشیریە

# شەڕ لە پێناو ئاشتیدا

رامبود لوتفپووری



شەڕ یەکێ لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە کە وەك تایبەتمەندییەکی دانەبڕاوی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەردەوام تێکەڵاوی ڕەوتی خەملان (تکامل)ی مێژوویی مرۆڤو کۆمەڵگاکەی بووە. بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین شەڕ بەدیهێنەری مێژووی مرۆڤە. بەواتایەکی دیکە مێژوو، زیاتر بەسەرهاتی سەردەمی شەڕەکانە تا سەردەمانی ئاشتی. کەوابوو دیاردەیەکی ئەوەندە گرینگ، پێویستیی بە تێڕامانو لێکدانەوەی کاریگەرییەکەی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ هەیە.

شەڕ تەنیا ڕووبەڕوبوونەوەو لێکدانی فیزیکیی مرۆڤ یا گرووپە ئینسانییەکان نیە، بەڵکوو گەلێك ڕووبەڕووبوونەوەی دیکەش وەك شەڕی دەروونی، شەڕی ساردو... لە خۆ دەگرێ. تەنانەت بەربەرەکانێ بۆ مانەوەش کە لە سروشتو لەنێو هەموو بوونەوەرەکاندا لە گۆڕێ دایە بەجۆرێك دەچێتە خانەی شەڕەوە، بەڵام ئەوە باسێکە کە لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئەم وتارەدا ناگونجێ، ئەوەی لێرەدا تەوەری باسەکەی ئێمەیە، ڕەهەندی ئینسانیی شەڕە، ئەویش نەك بەربەرەکانێی تاکەکەسی بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵگاو کۆمەڵە ئینسانییەکاندا.

کەوابوو هەرچەشنە ڕووبەڕوونەوەو بەربەرەکانێیەك کە بە مەبەستی لەنێوبردن، زەبرلێدان، تۆقاندن یا پێشگرتن بەلایەنی دژ بێ، دەتوانێ لەم چوارچێوەیەدا جێ بگرێ. "کوینسی رایت" لە پێناسەی ئەم دیاردەیەدا دەڵێ: "شەر دەتوانێ وەك بەربەرەکانێیەکی هاوکات لەنێوان هێزە چەکدارەکان، هەستە خەڵکییەکان، دەمارگرژییە حقووقییەکانو کولتووڕە نەتەوەییەکاندا لەبەرچاو بگیردرێ."[١]

هەروەها "کلاوزێویتس" سەبارەت بەم چەمکە دەڵێ: "شەڕ کردەوەیەکی توندوتیژانەیەکە مەبەستی بەچۆکداهێنانی لایەنی بەرامبەر، بۆ جێبەجێکردنی ویستەکانی ئێمەیە."[٢]

بۆچوونەکان سەبارەت بە شەڕ جیاوازن، هێندێك بۆچوون لایەنگریی لێدەکەنو بە فاکتەری پێشکەوتنی مرۆڤو کۆمەڵگای دەزانن، هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن کە شەڕ دیاردەیەکی هەمیشەیی‌یەو بەرهەمی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتییە، شەڕ لەم ڕوانگەیەدا پاڵوێنەی کۆمەڵگای ئینسانییە بۆ جیاکردنەوەی گرووپە بەهێزەکانو لەنێوبردنی لاوازەکان. هێندێك لە بیرمەندانی ئەم ڕوانگەیە، وەك کانت شەڕ وەك دیاردەیەکی خراپ، بەڵام پێویستو داسەپاوی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرن. بۆ وێنە کانت دەڵێ: "ئاشتیی هەمیشەیی قەت سەقامگیر نابێ، بەڵام دەتوانین یەکجار زۆر لێی نزیك ببینەوە."[٣]

تاقمێکی دیکە لە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە، بۆچوونێکی پۆزێتیڤتریان سەبارەت بە شەڕ هەیە، بۆ نموونە "نیچە"، زۆر ڕاشکاوانە ڕێز لە شەڕ دەگرێو دەڵێ: "ئێوە دەبێ وەك ئامرازێك چاو لە ئاشتی بکەن کە لە خزمەتی شەڕە نوێیەکان دایەو، پێویستە کورتخایەنترین ئاشتییەکان هەڵبژێرن... شەڕ دەبێ بێبەزەییانە بێ، تا ئاکامێکی لێبڕاوی لێ بکەوێتەوە. ئازایەتیو دلێڕەقی، نەترسی، فێڵ، هوشیاری، دەلەسەو بەکورتی لە یەك وشەدا، دەسەڵات، تەنیا گەورەیی گەلێکن کە لە شەڕدا جێگای پەسندو ڕێزن."[٤]

یا لەم بوارەدا ماکیاولی دەڵێ: "هەر شەڕێك، لەگەڵ ئەوەدا کە بە پێویست زانرا، دادوەرانەیە."[٥]

لە پاڵ ئەم بۆچوونانەدا، هەندێ بۆچوونی دیکەش لە ئارادان کە ڕەخنەگری شەڕو بیرۆکە شەڕسالارەکانن. ئەمانە زیاتر جەخت لەسەر لایەنە زیانبارەکانی شەڕ دەکەنو بە بەرهەمی پێکهاتەگەلێکی هەڵەی کۆمەڵایەتیی دەزانن. بیرمەندانێکی وەك "ڤۆڵتێر"و "ژان ژاك ڕۆسۆ" لە ڕیزی لایەنگرانی ئەم بۆچوونەدان.

ئەمە لێکدانەوەیەکی زۆر کورتی شەڕو بۆچوونە پێوەندیدارەکانی بوو، لێرەدا ئێمە بڕیارێکی لێبڕاو لەسەر هیچ کام لەم بۆچوونانە نادەین، تەنیا شەڕ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو ڕیالیزمی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ قبووڵ دەکەینو ئەم باوەڕەش "کە ئەگەر کۆمەڵگای ئینسانی نەتوانێ ئاشتییەکی هەمیشەیی بەخۆوە ببینێ، لانیکەم "کانت" گوتەنی، دەتوانێ زۆری لێ نزیك ببێتەوە"، دەکەین بە بناغەی باسەکەمانو هەوڵ دەدەین یەکێ لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئاشتی کە شەڕی دژی شەڕ، یا شەڕ لە پێناو ئاشتی دایە، تاوتوێ بکەین.

## ئاشتیخوازیی شەڕخوازانە:

ڕەنگە ئەم زاراوەیە لە ڕواڵەتدا ناتەباییەکی پێوە دیار بێ، واتە چۆن دەکرێ خەمی سەقامگیرکردنی ئاشتیت هەبێو لە هەمان کاتیشدا شەڕخواز بی؟ بەڵام ئەمە دەستەواژەیەکی نوێ نیە، لە ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٨ی زایینیشدا لایەنەکانی شەڕ دەیانگوت شەڕ دەکەین بۆ بنەبڕکردنی شەڕ. دیارە ئەم بابەتە لە بیرۆکەی دەوڵەتی یەکگرتووەوە سەرچاوە دەگرێ، وەك "ناپێلئۆن" دەیگوت بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیو ئاسایش ویستوومە دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکەم، واتە جیهان دەبێ فەرمانڕەوایەکی هەبێ. ئەم بیرۆکەیە بە هەندێك گۆڕانکارییەوە ئێستاش لە ئارادایەو وەك یەکێ لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئاشتی لەبەرچاو دەگیردرێ. ئەگەر پێشتر باس لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەکرا، ئێستا باسی کولتوورێکی یەکگرتووو بە جیهانیبوونەوەی ئابووری دەکرێ. واتە لەلایەك کولتوورێکی یەکگرتوو کە هەمان کولتووری ڕۆژئاوایی، ئەویش لە چەشنی ئامریکاییەکەیە نەتەوەکان لەباری بیروڕاو هەڵسوکەوتەوە لێك نزیك دەکاتەوەو لەلایەکی دیکەش جیهانیبوونەوەی ئابووری بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان لە بواری ئابووریو سیاسییەوە لێك نزیك دەکاتەوە، ئەمەش یەکیەتییەکە لە عەینی فراوانیدا، واتە یەکگرتنە نە یەکبوون. ئەم پرۆسەیە وەك نەزمێکی نوێی جیهانی کە وڵاتانی زلهێزی دنیا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا سەرقافڵەیی، بانگەشە بۆ جیهانگیربوونی هەندێك چەمکی وەك دێمۆکراسی، بازاڕی ئازاد، پاراستنی مافی مرۆڤو... دەکا.

بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم نەزمە نوێیە وەك هەر دیاردەیەکی نوێی دیکە سەرەتا کێشە خوڵقێنەو لەگەڵ دژایەتیو بەرخۆداندا بەرەوڕوو دەبێ. هەوڵدانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا بۆ سەقامگیرکردنی عەقڵانیەتی مۆدێڕنو ئەم نەزمە نوێیە، بەشێوەیەکی سروشتی دژکردەوەی شارستانییەتەکانی دیکەی بەدواوەیە کە لەم پرۆسەیەدا خۆیان لەبەردەم هەڕەشەو مەترسیی تواندنەوەو لەنێوچووندا دەبینن، ئەمەش پێکهێنەری ئالۆزییو تێکچڕانی شارستانییەتەکانە، کە "هانتینگتۆن" نێوی "ململانێی شارستانییەتەکان"ی لەسەر دادەنێ. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا شایانی باسە، چۆنیەتی ئەم ململانێیەیە، چونکە ئەم ململانێیە بەربەرەکانێیەکە کە ڕۆژئاوا پێکهێنەریەتیو ڕۆڵی هێرشبەری تێدا دەبینێ، بۆیە جۆرو شێوەی بەربەرەکانێیەکەش ئەو دیاری دەکا. شارستانییەتەکانی دیکەی وەك کۆنفۆسیۆسیو ئیسلامییش لەم ڕووبەڕوبوونەوەیەدا کەوتوونەتە دۆخێکی هەڵچوونەوە، کەرەستەو ئامرازی پێویست بۆ ئەم چەشنە خەباتەیان پێ نیە. واتا کولتووری پاسیڤو نەریتیی ئەم ژیارانە توانای بەربەرەکانێ لەگەڵ کولتووری ئەکتیڤو عەقڵانیی ڕۆژئاوا نیەو لە بواری ئابووریو تێکنۆلۆژیاشەوە، گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردوەو بەربەرەکانێی ڕۆژئاوایان پێناکرێ. بە واتایەکی دیکە هەم لە بواری عەقڵانیەتی کولتوورییەوەو هەم لەبواری عەقڵانییەتی ئامێرییەوە لاوازترنو دەسەڵاتی لایەنی بەرامبەریان بەهێز پێ نیە. ئەم ناهاوسەنگییە لە بواری سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتییەوە ئەم ژیارانە تووشی کێشەو قەیران دەکاو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك رامانو کردەوەی ئانۆرماڵی وەك گەڕانەوە بۆ رابردوو، نەریتخوازی، بنەماخوازی، تیرۆر، سانسۆرو هتد لەنێویاندا. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئیسلامیدا زەقو بەرچاوترە، ئەم وڵاتانە نە توانای بەربەرەکانێ بەو فورمولە نوێیەیان هەیەو نە دانیش بە شکستەکەیاندا دەنێن، بۆیە بە داخستنی دەرکەکانیان بە ڕووی هزرو کولتووری ڕۆژئاواییو بەرهەمهێنانی ڕامانی کوشتنو توقاندن، هەوڵی دوورخستنەوەی ئەم ژیارە لە خۆیان دەدەن. بە تیۆریزەکردنەوەی بنەماخوازیی دینی هەوڵ دەدەن ئایدۆلۆژیای ئیسلامی وەك ئاڵتێرناتیڤی سێکۆلاریزمو دێمۆکراسی ڕۆژئاوایی زەق بکەنەوەو بە کەڵكوەرگرتن لە ئامرازی تیرۆر، ڕۆژئاوا ناچار بە پاشەکشە بکەن، بۆیە دەیانهەوێ شێوازی بەربەرەکانێیەکە بگوازنەوە بۆ شێوازێ کە ئامرازەکەیان پێ بێ. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگو جێگای مەترسییە، هەوڵی ئەم وڵاتانەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامرازێ کە وەك فاکتەرێکی بەربەستیانە کەڵکی لێوەربگرنو ئامانجەکانیانی پێ مسۆگەر بکەن، کە ئەویش هەمان چەکی کۆکوژە.

## پەرەسەندنی چەکە کۆکوژەکانو هەڕەشەیان لەسەر ئاشتیو ئاسایشی جیهان:

ئەگەرچی هێندێك لە بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕەن کە چەکە کۆکوژەکان بەتایبەت چەکی ناوکی سەبارەت بە شەڕەکان فاکتەرێکی بەربەستیانە بووەو لە سەقامگیریی ئاشتیدا ڕۆڵێکی پۆزێتیڤی بینیوە (بەهۆی پێشبڕکێی پیشەسازیو ئابووریی وڵاتانی پێشکەوتووو مەترسییەکی کاولکەر کە بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە شەڕەکاندا هەیانە)، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە لەنێو وڵاتانی دواکەوتووی جیهاندا کە لە بواری ئابووریو پیشەسازییەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان بەخۆوە نەدیوەو شتێکیان بۆ لەدەستدان نیە، بەتایبەت کە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی ئاسمانیو مەزنخوازی وەك ئیسلامیش بن، نەك هەر بوار بۆ ئاشتیو ئاسایشی جیهانی نارەخسێنێ، بەڵکوو هەڕەشەیەکی مەزنە لەسەر ئاشتیو ئاسایشو بەگشتی کۆمەڵگای ئینسانی.

لێرە دایە کە پێویستە جیهان بەشێوەیەکی پراکتیكو بە جیددی هەڵوێست بگرێو تەنانەت لە هەندێك نموونەشدا ئەگەر پێویست بوو، لە ڕێگای شەڕو بەشێوەی چەکدارییەوە پێش بەم ڕەوتە بگرێ. ئەگەرچی شەڕ وەك خۆی بەتایبەت لەم سەردەمەدا ڕەنگە دیاردەیەکی باشو بە قازانجی مرۆڤایەتی نەبێ، بەڵام لە هێندێك نموونەی ئەوتۆداو بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایش لە جیهاندا ڕەوایی بەدەست دێنێ. لە دۆخێکی ئەوتۆدا شەڕ نەك هەر نابێتە هۆی دواکەوتن، بەڵکوو جیهان بەرەو ئاسایش، ئاشتی، ئازادی، پێشکەوتنو دێمۆکراسی پاڵ پێوە دەنێ. ئەو شێوە شەڕە بەتایبەت بۆ ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیان لە مافاکانیان بێبەشیان کردوون، پەیامهێنەری ئاشتیو ئازادیو پێشکەوتنە. بەپێی ئەم کردەوانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە وڵاتانی تیرۆریستپەروەری وەك ئێران، عێراق، ئەفغانستانو گرووپە داردەستەکانیان وەك حیزبوللا، ئەلقاعیدە، ئەنسارولئیسلامو... دیتمان، پێشبینی دەکرێ کە ئەگەر ئەم وڵاتانە چەکی ناوکی بەدەست بێنن، چ کارەساتێك لە دنیادا ڕوو دەدا.

کەوابوو شەڕی دژە تیرۆرو شەڕ لە پێناو ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆکوژەکاندا نەك هەر شەڕێکی ناڕەواو ئیمپریالیستی نیە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە شەڕێکە لەپێناو ئاشتیدا.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە چەند وتەیەکی فەیلەسووفو بیرمەندی هاوچەرخ "کارل پوپێر" دەکەین کە ساڵی ١٩٩٢ لە وتووێژێك لەگەڵ گۆڤاری ئێشپیگڵدا بڵاو بوونەتەوە:

"ئەوڕۆ دەبێ ئامانجی یەکەمان پاراستنی ئاشتی بێ، کە بەدەستهێنانی لە دنیایەکی ئەوتۆدا کە سەددام حوسێنو دیکتاتۆرگەلێکی دیکەی وەك ئەوی هێشتا تێدان، گەلێك دژوارە. ئێمە نابێ واز لە شەڕ لە پێناو ئاشتیدا بێنین، کێشەیەك کە لەم هەلومەرجەدا پارێزهەڵنەگرە، ناخۆشو خەفەتهێنەرە، بەڵام ناچارین کە بیکەین، لێبڕاوبوون لێرەدا گرنگییەکی ژیانەکیی هەیە... لەم سەردەمەدا هیچ کێشەیەك گرنگتر لە پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم بۆمبە سەرکەشانە نیە، بۆمبگەلێك کە ئێستا لە بازاڕی ڕەشدا سەودا دەکرێن. دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی جیهانی پێشکەوتوو کە تووشی شێتیو تووڕەیی نەهاتوون، پێویستە لەم پێوەندییەدا هاریکاریی یەکتر بکەن... نە تەنیا بە دژی سەددام. جیهانی پێشکەوتوو دەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نموونەگەلێکی ئەوتۆدا، گروپێکی دژکردەوەی خێرا پێك بێنێ. ئاشتیخوازی لە ڕێگا کۆنە بێکەڵکەکانەوە بەمانای شێتییە. ئێمە ناچارین لەپێناو ئاشتیدا شەڕ بکەین."[٦]

**بەپێی ئەم کردەوانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە وڵاتانی تیرۆریستپەروەری وەك ئێران، عێراق، ئەفغانستانو گرووپە داردەستەکانیان وەك حیزبوللا، ئەلقاعیدە، ئەنسارولئیسلامو... دیتمان، پێشبینی دەکرێ کە ئەگەر ئەم وڵاتانە چەکی ناوکی بەدەست بێنن، چ کارەساتێك لە دنیادا ڕوو دەدا.**

**کەوابوو شەڕی دژە تیرۆرو شەڕ لە پێناو ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆکوژەکاندا نەك هەر شەڕێکی ناڕەواو ئیمپریالیستی نیە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە شەڕێکە لەپێناو ئاشتیدا**

پەراوێزەکان:

١ـ بوتول ـ گاستون، جامعەشناسی جنگ، ترجمە هوشنگ فرخجستە، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، ١٣٧٦، تهران، ص ٣٣

٢ـ هەمان سەرچاوە، ل ٣٢

٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٣

٤ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٤

٥ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٠

٦ـ پوپر ـ کارل ریموند، زندگی سراسر حل مسئلە است، ترجمە شهریار خواجیان، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٣، تهران، ص ٢٠٢ و ٢٠٣

ژێدەر:

١ـ بوتول ـ گاستون، جامعەشناسی جنگ، ترجمە هوشنگ فرخجستە، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، ١٣٧٦، تهران

٢ـ پوپر ـ کارل ریموند، زندگی سراسر حل مسئلە است، ترجمە شهریار خواجیان، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٣، تهران

٣ـ آشوری ـ داریوش، دانشنامە سیاسی، انتشارات مروارید، چاپ پنجم، ١٣٧٨، تهران

*** 

بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی گرنگو هەنووکەیییە کە باسکردن لەسەریو کاریگەریی بۆ سەر رۆژهەڵاتی ناڤین، شتێکی لۆژیکیوگرنگەو ئێمەش وەك کورد پێویستە زۆر هوشیارانەو بەدوور لە حەساسیەتی نابەجێ بیری لێبکەینەوەو خۆمان لەگەڵ ئەو رەوتە خەین هەتا تێیدا نوقم نەبین. نامانهەوێ زۆر قووڵ بچینە نێو پێناسەکردنی ئەو پرۆسەیەوەو لە گشت پێناسکردنەکانی بیرمەندان لەم بارەوە بکۆڵینەوە، چونکە ئەوە لە لایەك کاتی زۆر هەڵدەگرێو لەلایەکی دیکەشەوە هێشتا بە تەواوی پێناسەیەکی روونو چوارچێوەداری بۆ نەکراوە.

"Globalisation" لە ئینگلیسیدا بە مانای گشتیکردنی شتەکانو فراوان کردنی بازنەکان دێو لە فەڕانسەشدا "Mondialistion" بە واتای گواستنەوەی شتەکان لە چوارچێوەیەکی بچووکەوە بەرەو گۆڕەپانی جیهانییە.

ئەم پرۆسەیە رەهەندی زۆر جیاوازی هەیە کە هەر یەکەیان قورساییو گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەتوانین لە خوارەوە ئیشارە بە هەندێکیان بکەین:

ئەلف ـ مافی مرۆڤ

ب ـ دژایەتیکردنی تاوانەکانی جەنگ

ج ـ چەسپاندنی دێموکراسیو فرەحیزبیو ئازادییە فەردیو گشتییەکان

د ـ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان

هـ ـ لەنێوبردنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان

و ـ دژایەتی لەگەڵ راسیزمو ژێنوساید

باسەکەی ئێمە زیاتر رووی لە وڵاتی ئێرانەو چۆنیەتیی دەرکەوتنی جیهانیبوون لەم وڵاتەداو هەروەها کاردانەوەو هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لەگەڵیدا. رێژیمی ئێران رێژیمێکی دیکتاتۆرییەو لە بواری ژێئۆپۆلتیکییەوە گرنگو ستراتیژییەو هەر بۆیەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ وڵاتە سەنعەتیو بازرگانیو سەرمایەدارییەکان، لە هەمان کاتدا ئەو پرۆژە ئابوورییانە پێویستییان بە هێمنیو ئاسایش هەیەو دەبێ لە گشت هۆکارەکانی شەڕو ئاژاوەگێڕیو توندوتیژی بەدوور بنو هەروەها بۆ وڵاتگەلی گەورەی سەنعەتی وەك ئەمریکاو بریتانیاو ئاڵمانو هتد، وڵاتانی دیکتاتۆرو سەرچاوەی ئاژاوەو شەڕ مایەی مەترسین. بۆیە دەبێ بۆ مانەوەو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان گۆڕان پێك بهێنن. ئێرانیش بۆ مانەوە لە نێو هاوسێکانو گەشەکردنیدا پێویستە بچێتە نێو دیالۆگو ئەکتیڤانە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە بکەوێو بچێتە ژێر باری مۆدێرنیتەوە. هەروەك "ئارنور رمبو" دەڵێ: بۆ بەجیهانیبوون پێویستە "موتڵەقەن مۆدێرن بین".

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵاتو کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو سەرکەوتنی بلۆکی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو بەرهەڤبوونی سیستەمی تاك جەمسەریو بەدوایدا پەرەسەندنی شۆڕشی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکانو پێشکەوتنی لە رادەبەدەری زانست لە جیهانو بەتایبەت رۆژئاوا. ئیتر وڵاتەکان بە گشتی لەگەڵ ئەم رەوتە کەوتنو هەدەفی سەرەکییان لەم چوارچێوەدا خۆ بینینەوەیە. بۆ بەجیهانیبوون پێویستی بە بیرێکی جیهانییە هەتا لەمەڕ مەسەلەکانی جیهانیان بیر بکرێتەوەو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکان هەوڵ بدرێ. چونکە بەجیهانیبوون میتۆدێکە شێوەو بواری بیرکردنەوەمان پێ دەڵێو فێرمان

# سەرنجێك لە پرۆسەی بەجیهانیبوونو

# كاردانەوەی ئێرانو ئەگەرەكانی داهاتووی

شۆڕش غەفووری

دەکا کە چۆن لە کێشەکان بنۆڕینو چۆن بکەوینە تاوتوێکردنی بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتووریو رۆشنبیریو هەروەها رێگاکانی چوونە ناو دیالۆگمان پێ نیشان دەداو دەمانخاتە سەر مێزی وتووێژی شارستانییەتەکانو موناقشەو پێك هاتنو پێکەوە ژیانی کەلتوورە جیاوازەکان، فێری بەکارهێنانی کەرەستە نوێیەکانی تێکنۆلۆژیای هەنووکەییو سەردەممان وەك ماهوارەو ئینتێرنێت دەکا، واتە هۆیەك بۆ بەئاگاهاتنەوەی خەڵکیو تێگەیشتنی کێشەکانو ئاگاداربوون لە دەوروبەرو پێوەندی هاتوچۆیەکی ئاسانو پترو بنەماڵەکانی نێو خاکی ئێران لە ٦/٢ دەرسەدە زیاتر دەبن کە هەنووکە دەستیان بە ئینترنێت رادەگا. واتە ئێران لەنێوان ٦٢ وڵات لەمەڕ ئاستی فەننی ئینترنێتدا، مەقامی ٥٥مین وڵاتی هێناوەتەوەو لە بوارە سیاسیو ئابوورییەکانیشدا لە ئاخرەکانە. بەجیهانیبوون چەندین لایەنی زەقی نێگەتیڤیو پۆزەتیڤی هەیە کە هەر یەکەیان باسو خواسێکی زۆر هەڵدەگرێ. لایەنی نەرێیی یەك کەلتوورییە. واتە بوونی کەلتوورێکی زاڵەو جیهان وا لێ دەکا بەرەو تاك کەلتووری هەنگاو هەڵهێنێتەوەو ئەم هۆکارەش جگە لە لاوازبوونی کەلتوورەکانی دیکەو لە ئاکامدا بەرەو هەڵدێربردنیان هیچیتری لێ سەوز نابێتەوە، بەڵام، دەبێ تێبینیی ئەوەش بکەین کە گشت کەلتوورێك بەم شێوەیەی لێ نایەو زۆر کەلتوور دەتوانن کاراییی خۆیان بۆ بەشداربوون لە کەلتووری نوێدا نیشان بدەن. جێگای سەرنجە کە بوونی کەلتووری زاڵ سەرچاوەکەی لە گشت کەلتوورەکانی وڵاتانی بەشدار لەم پرۆسەیەدا نیە، بەڵکوو کەلتوورێکە کە لە کەلتووری زاڵو هەندێ کەلتووری کارا پێك دێ، بەڵام هەندێ وڵات بە کەلتووری ئامریکاچییەتی یا ئامریکاییزم ناوی دەبەن. هەروەها لایەنێکی نەگەتیڤی دیکەی کۆبوونەوەی سەرمایەیەکی زەبەندە لە هەندێك وڵاتی بەهێزو خاوەن سەرمایە بۆ نموونە "لە تۆی ٢٠٠ کۆمپانیای مەزنی جیهانی، ١٧٢ کۆمپانیایان لە وڵاتەکانی ئامریکا، ئاڵمان، ژاپۆن، فەڕانسەو بەریتانیا دان. واتە لە ٨٠٪ی داهاتی جیهانی لە دەست ٢٠٪ی دانیشتووانی جیهانەو ٢٠٪ی داهاتی جیهانیش، لای ٨٠٪ی دانیشتووانی زەوی دایە".[٢]

ئێران وەك وڵاتێکی دەوڵەمەندی کانزای ژێرزەویو نەوتو توریسم ناوبانگی هەیەو لەم بەشانەشدا ئەتوانێ بچێتە پێشبڕکێ جیهانییەکانەوەو ببێتە ئەندامی گەلێك رێکخراوی گەورەی جیهانی. بەڵام، بەداخەوە بوونی چەندین دەسەڵاتداری کۆنەپەرستو دواکەوتوو وای لەم وڵاتە کردوە کە بە نادڵخواز بەرەوپیری ئەو پرۆسەیەوە بچێو بە ترسەوە لێی ورد بێتەوە، چونکە بە دڵخوازی دەسەڵاتداران نیە. ئەمەش هۆیەکەی بە ئاسانی دەردەکەوێ، چونکە وەك لە سەرەتادا ئیشارەم پێ کرد رەهەندگەلی گرینگی بەجیهانیبوون، وەك مافی مرۆڤو نەتەوەکانو بوونی دێموکراسیو هتد، دەسەڵاتداران لەگەڵیان ناتەبانو ئەم هۆیانەشن کە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی ئێران، لێیان دەترسنو بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی دەسەڵاتیان لە گشت فرتو فێڵێكو ئامرازێك کەڵك

وەردەگرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی رەوتی دێموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەرچەند پێویست بە ناوهێنانەوە ناکا، چونکە پێشێلکارییەکانو دانی چەكو تەقەمەنی بە رێکخراوە تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە عێراقی ئازادو فیدرڵدا باشترین فاکتی نوێو کاریگەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

هێرشی کەلتووری رۆژئاواو لاوازبوونی کەلتووری ئێرانو کاڵبوونەوەی سنورەکانو دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر خەڵکداو چەندین هۆکاری دیکەن کە هەندێك لە ئێرانییەکان لێی دەسڵەمێنەوە. زۆرێك لە خاوەن بیران سەبارەت بە بەجیهانبوون لە ئێراندا دابەش دەبن بە دوو دەستەداو هەر دەستەیان بە دیدێکەوە لێی دەڕوانن.

دەستەی یەکەم لەو بڕوایە دان کە چوونە نێو ئەم پرۆسە فرسەتێکی لەبارو بەسودە بۆ پەرەپێدانو باشترکردنی وەزعی تێکنۆلۆژیاو پێوەندیو گەشەکردنی زانست هەروەك چۆن قۆڵی ریفۆرمخوازو لەم ماوەیەشدا هەندیك لە نوێنەرانی سەر بە قۆڵی موحافیزەکارەکان داوای ئازادی بەکارهێنانی ماهوارەو ئامرازەکانی پێوەندییان کرد.

دەستەی دووهەم لایان وایە کە بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی لاوازبوونی کەلتووریی ئێران (ئەم دەستەیە زیاتر لەو فارسە رەگەزپەرستانەن کە ئامادە نین



دەسەڵات لەگەڵ هیچ یەك لە نەتەوەکانی دیکەدا دابەش بکەنو ترسیان لە لاوازبوونی دەسەڵاتە لە سەنتەردا)و بەلاڕێدا کێشانی ئایینی ئیسلامو کەوتنە خەتەرەوەی مەزهەبەکەیان. واتە بە شێوەیەکی گشتی هەندێك کەس ئەم پرۆسەیە بە لەناوچوونی ناسنامەی فەرهەنگیو مەزهەبی دادەنێن.

هیچ کە بەجیهانیبوون نابێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامە، بەڵکوو دەبێتە هۆی دۆزینەوەو ناسینی تاكو، لە ئێرانی فارسزەدەدا نرخی هیچ ناسنامەیەك کاڵ نابێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی بوژاندنەوەو دوورخستنەوەی هەمان بەهای ناسنامەی تاك کە نەتەوەکەی لە ژێر دەستو چەپۆکی نەتەوەی فارسدا ناڵاندوویەتی. چونکە بەجیهانیبوون کێشەیەك یەکلا دەکاتەوە کە ئەویش کێشەی مافی نەتەوەکانە. بەدەستهێنانی ماف یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرۆسەیەو چیتر لە چوارچێوەیەکی تەسکدا نامێنێتەوەو رێژیم ناتوانێ کەلتوورێك بسەپێنێ بەسەر کوردو ئازەریو عەرەبو بەلووچدا، بەڵکوو دەبێ کەلتووری ناوچە فارس نشینەکان بەهاوسەنگی لە ئێرانێکی فیدراڵدا جێی بێتەوە. واتە بوژاندنەوەی کەلتورەکانو چوونە نێو دیالۆگەوە دەبێتە تایبەتمەندییەکی گشت ئەو وڵاتانەی کە ئامادەن بچنە نێو پرۆسەی بەجیهانیبوونەوە هەروەك چۆن دوکتور کەمال پولادی کە مامۆستای زانستی سیاسییە لە زانکۆی تاران، دەڵێ: "جیهانیبوون کارێکی باڵای گرینگە لە مێژووی جیهاندا. واتە بەجیهانیبوون بە مانای کۆمەڵایەتیبوونی بەرهەمی مرۆڤە کە سەرمایەداری لە ژێر نیشانی پایەیەکی سەرەکیی جیهانیبووندا، کۆمەڵایەتیبوونی بەرهەمی بە بەرزترین ئاست گەیاندوە".

"بەریەك کەوتنی کەلتوورەکان" کە "هانتینگتۆن" تەرحیکردوە بەشێکی سەرەکیی پرۆسەی بەجیهانیبوون پێك دێنێ، واتە نزیك بوونەوەو ئاسانی پێوەندییەکانو هاتوچۆو دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری لە خێراترین رێگاوە، ئەمانە گشت دەکەونە کاتێ دەڵێین جیهان وەك گوندێکی بچووکی لێ هاتوە، هەمووی لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەوەیە کە فەرهەنگەکان زانیاری لەمەڕ یەکتر پەیدا دەکەن. هەر بۆیە ئاگاداربوون لە یەکترو سوودوەرگرتن بە مانای لەنێوبردنی کەلتوورێكو دروستکردنی کەلتوورێکی دیکە نیە. بەڵکوو بە مانای کاراتربوونی کەلتوورەکانو سوودەوەرگرتنە لە گشتیان بۆ چێکردن کەلتوورێکی گشتگیری جیهانی بە ناوی "کەلتووری جیهانی"، کە تێیدا دێموکراسیو مافی مرۆڤ قسەی یەکەم دەکا.

ئێران بەداخەوە هەتا وەکوو هەنووکەش وەك "بەرخۆرکە" بە دیار دەکەوێو بەرهەمی ئەوەندە زۆرو باش نیە لە چاو ئەو مەسرەفەی کە پارەی لە بری داوە. بە هاتنەسەر کاری مەلاکان ئەم عادەتە زیاتر پەرەی سەندو شیعاری "نە شەرقی و نە غەربی" دیالۆگی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەرەو لاوازی بردو خۆیان بە "دژی عەرەب" لە قەڵەم داو خەباتی سەنتەربوون بۆ ئاراستەکردنی ئایینی ئیسلامیان لە مێشکیدا بەرهەڤ کرد بۆ هاتنەدی دەسەڵاتێکی خەلافەت ئاسا. بەڵام لافاوی بەجیهانیبوونو هێزو کاریگەرییەکانی، مەلاکانی تۆقاند.

هەرچەند ئێران بەو دەزگا پیشەسازیو کشتوکاڵییانەی کە هەیەتی ناتوانێ بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵهێنێتەوە بەڵکوو دووبارە دامێنگیری رۆژئاوا دەبێتەوەو ناچار بۆ بەرهەمهێنانی نەوتو گاز بۆ چاکسازیکردن لە کارخانەکاندا روویان تێ بکا. هەرچەند کە ناچارن گەلێك پارە لەو رێگایەدا هەزینە بکەن.

ئارەزووی پەیرەویکردن لە مۆدەکانی رۆژئاواو پۆشینی لیباسی رۆژئاواییو هەستانو دانیشتنو هەڵاتنی مێشکەکان نیشاندەری مەیلی خەڵکین بۆ ئەو پرۆسەیە. هەرچەند هەنگاو هەڵهێنانەوە لەم پێناوەشدا بۆ لاوازکردنی ویستەکانی خەڵکی لە لایەن رێژیمەوە پەشیمانیو شکستی لە دواوەیە، هەروەك لە دروستکردنی دوو بووکەشووشەی "ساراو دارا" نەیتوانی بەر بە بووکەشووشەکانی رۆژئاوا بگرێ ئاواش لە زۆر بواریتردا لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئێران لەو ماوەیەدا بە دوو سێ قۆناغدا تێپەڕیوە کە قۆناغی دژایەتیکردنی پرۆسەی وەهاو پرۆسەگەلی لەو شێوەیە دواتر قۆناغی سازانی بەناچاری هەر وەك ئێستا کە دیهەوێ بە میتۆدێکی تایبەتو فڕتوفێڵەوە بچێتە نێو پرۆسەکەوە کە هەڕەشەکانی رابردووی بەسەردا نەشکێتەوە.

"ئیسهارت" لێکۆڵەرو کارناسی بواری ئایینی لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەڵێ: "تەنیا شتێك کە رەنگە بتوانین بیگۆڕین رابردوویە". بۆیە پێویستە رابردووی خۆمان بگۆڕینو رزگارمان بێ لە چیرۆك گێرانەوە کە گشت مێژووی ئێمەی پێك هێناوەو خوێندنەوەیەکیدیکەی بۆ بکەینو، میتۆدمان لە وەهم ویستی بۆ عەقڵویستی بگۆڕین. گۆڕانیش بە مانای فڕێدانو لەبیرکردنی رابردوو نیە کە مێژوویەکی بۆ تۆمار کردووین، بەڵکوو باشترکردنیەتی لە پێناو داهاتوویەکی باشترو قازانجساز. خاتەمی قسەیەکی جوانی هەیە، هەرچەند کە هیچ کات نەچۆتە بازنەی پراکتیکەوە، ناوبراو دەڵێ: "پێویستە لە رابردوومان ئاگادار بینو بیناسینو بۆی بگەڕێینەوە، بەڵام، نەك ئەوەندە کە بە کۆنەپەرستمان لە قەڵەم بدەنو ئاگامان لە داهاتوو نەبێ".

بەجیهانیبوون پرۆسەیەکە کە لە وڵاتگەلی تۆتالیتارو راسیزمدا نایەتە دی، چونکە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا دێموکراسی حاکم نەبێ، حاکمییەتی نەتەوەیی هەر وڵاتێ دێر یا زوو دەبێتە ئامانجی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان.

ئەگەر لە گۆشەنیگای ئابوورییەوە روو بکەینە بەجیهانیبوون ئەوا هێشتا لە رۆژهەڵاتی نێوەندا نەگەیشتووەتە گشت نوقتەکان. وڵاتانی رۆژئاوا سەرمایەگوزاریی گەورەیان لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناڤینو باکووری ئافریقاو تەنانەت وڵاتەکانی ئامریکای لاتیندا نەکردوەو هەر بەوحاڵەش ئامادە نین ئەم کارە بکەن. چونکە سەرمایەدانان پێویستی بە زەمەنو شوێنگەی ئەمن هەیە، هەتا کاتێك ئەرکی پاراستنی سەرمایەی بنەڕەتیو سوودەکەی بپارێزێ. هەر بۆیە سەرمایەگوزاری نوێی جیهانی هەر وڵاتێ پێویستی بە بوونی ئاسایش هەیەو ئاسایشیش لە وڵاتگەلێك کە نیزامێکی دیکتاتۆرو دڕەندەی وەکوو ئێرانو کۆریاو سووریەو هتد، بە سەریدا حاکم بنو بەبێ بوونی دێموکراسی نایەتەدیو ئیتر لەو پێوەندییە دایە کە ئاگاداری تەرحکردنی پرۆژەیەکی گەورەی ئامریکا دەبین بە ناوی "پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە" کە کار لەسەر گۆڕینی بنەماکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو... لە رۆژهەڵاتی ناوین دەکاو لە چوارچێوەی ئەم تەرحەشدا دوو دەسەڵات دەڕووخێندرێنو خەڵکی چەوساوەی عێراقو ئەفغانستان لە دەست رێژیمە دیکتاتۆرەکانی تالیبانو بەعس نەجاتیان دەبێ. رێژیمەکانی دیکتاتۆرو غەیرە خەڵکی ناتوانن بێنە نێو پرۆسەی بەجیهانیبوونەوە، ئەگەر خۆیان نەگۆڕنو هەنگاوی جیددی هەڵنەهێننەوەو ناشتوانن قازانجەکانی وڵاتەکەیان بۆ درێژماوە دابین بکەن. دانانی سەرمایە تەنیا بە قازانجی وڵاتانی رۆژئاوایی نیە، چونکە چەندە وڵاتی سەرمایەدانەر لە دانانی سەرمایەکەی قازانجی هەیە، ئەوەندەش ئەو وڵاتەی سەرمایەگوزاری تێدا کراوەو سوودی لێ دەبینێ. هەر لەم رووەش وڵاتانی چینو مالزی بە نموونە دەهێنمەوە کە دەرگایان بە رووی وڵاتانی جیهاندا کردۆتەوە، بۆ سەرمایەگوزاری، بە پێچەوانەی هەندێ وڵات کە بە بەهانەی ئائەمنی دەرگاکانیخۆیان داخستوەو جگە لە فەقرو بەدبەختیو ئێعتیادو نەخۆشیی درێژماوەو بێکاری هیچی دیکەیان بە دیاری بۆ خەڵکەکەیان نەهێناوە.

بەجیهانیبوون قازانجی زۆری تێدایە بۆ کورد، هەروەك لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد. ئەم پرۆسەیە گۆڕانی تێدایەو هەر گۆڕانێکیش لەو وڵاتانەی کە کورد بەسەریاندا دابەش کراوە، دەتوانێ دەرەتانی رزگاریی گەلی کورد کە نەتەوەیەکی ژێر دەستە بڕەخسێنێو بە مافەکانی بگا. هەروەها کوشتاری بەکۆمەڵ، ژینۆساد، ئەنفالو راگواستن، جێگای خۆیان بۆ مافی نەتەوایەتیو رێزگرتنو دیالۆگ دەگۆڕنو لەو دەسەڵاتەی ناوەند رزگاری دەبێ کە هەمیشە تۆقێنەرو دیکتاتۆر بووە، هەروەك دوکتور پترۆس غالی دەڵێ: "بەجیهانیبوون بەردەوام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند". هەروەها کێشەی کورد تەنها لە چوارچێوەیەکی تەنگی وڵاتێکدا نەماوەتەوەو نامێنێتەوەو ئەمەش بە هۆی ئامرازگەلی نێو پرۆسەی بەجیهانیبوون چ لە راگەیاندنو چ هاتوچۆو هەروەها شتێکی دیکە کە زۆر گرینگی هەیە بۆ کورد دەسەڵاتی وڵاتانە بۆ دەست تێوەردانی مرۆیی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دیکەدا، بەڵام لە رووی یاساو رەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە. بۆ نموونە عێراق لە ساڵی ١٩٩١ ـ کوردستانی عێراق ـ بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی بۆ دەرچووو دواتریش لە سۆمالیو تیموری رۆژهەڵاتو کۆسۆڤۆو بۆسنی، چونکە لە بەجیهانیبووندا بنەماکانی دەستێوەرنەدان ئالتێرناتیڤێکیان بۆ بەرهەڤ دەبێ کە دەستێوەردانە. لەمەڕ ئەم پرۆسەیە داهاتوویەکی رووناكو باشتر بۆ کورد لە ئارادایە.

سەرچاوەکان:
١ـ سایتی Taktaz
٢ـ گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٦٦
٣ـ سایتی Iran emrooz
٤ـ گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٦٦

❊❊❊

درێژەی لاپەڕەی ٣

بێگوناهانە وازیان لە خوێندن هێناوە. لەم کێشەیەدا, ڕێژیم بە ئاشکرا لایەنگری لە حاجی ئەسەدی دەکاو زۆر بنەماڵە ناچار بوون کە ئەو گوندە بەجێ بهێڵن.

چەندین جار کوردەکانی گوندی "هەمزەکەندی" سکاڵای خۆیان بردۆتە فەرمانداریو دادگوستەری, بەڵام تا ئێستا دەوڵەت لەو سکاڵایانەیان نەپرسیوەتەوە. حەسەنزادە, قازیی لقی ٥ی دادگای سەلْماس, بەبێ بەڵگە عادل شێخ کانلووی بە قەتڵی عەمد مەحکووم کردوەو بڕیاری داوە کە قیساس بکرێتەوە.

شایانی باسە لە گوندی "هەمزەکەندی"دا, ٤٠ بنەماڵەی کوردو دەیان بنەماڵەی تورك دەژینو سێ ساڵە, بە دەسیسەی حاجی کچێك خانی ئەسەدی, شەڕو کێشە لە نێوان بنەماڵە کوردو تورکەکاندا بەردەوامە.

✻ ✻ ✻

### لاوە بەهەستەکانی سەردەشت, کۆڵانو شەقامەکانی شار بە دروشمی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانە دەنەخشێنن

بەپێی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتوە, لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٨/٧دا, کۆمەڵێك لە لاوە بەهەستو نیشتمانپەروەرەکانی سەردەشت, بە نووسینی دروشمی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەو بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانی حیزبو گەل لە زۆربەی شەقامو گەڕەکەکانی شاردا, سەرلەنوێ پشتیوانیی هەمیشەیی خۆیان لە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دووپات دەکەنەوەو هەستی نیشتمانپەروەریو شۆڕشگێڕانە بەرز رادەگرن. ئێمەش وێڕای دەستخۆشانە لە هاوڕێ بەئەمەکانەمان, سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان بۆ بەئاوات دەخوازین.

### لاوانی شۆڕشگێڕی شاری مەریوان, ڕێپێوانی دەوڵەتیی ١٣ای خەزەڵوەر دەگۆڕن بە خۆپیشاندان دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی

بەپێی هەواڵێك کە بە "کوردستان" گەیشتوە, ڕێژیم بۆ وەڕێخستنی ڕێپێوانی ١٣ی خەزەڵوەر, ساڵڕۆژی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا, هەوڵێکی زۆری دا کە خەڵکی شاری مەریوان بێنێتە سەر شەقام. بەڵام خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری مەریوان وەڵامی ئەم داوایەی ڕێژیمیان نەدایەوەو کارمەندانو مامۆستایانی شار لە ڕێپێوانەکەدا ئامادە نەبوون. ڕێژیم ناچار بوو لە قوتابخانەکانی ناوەندیو دواناوەندی بۆ ئەم مەبەستە کەڵك وەرگرێو کۆمەڵێك لە قوتابیانی شاری بە زۆر راپێچی ئەو بەناو ڕێپێوانە کرد.

لاوانی بەهەستو شۆڕشگێڕ بە تەقاندنەوەی تەرەقەو هەراوهۆریا, ڕێپێوانە دەوڵەتییەکەیان شێواندو هێرشیان کردە سەر تریبونی ڕێپێوانەکەو بە بڕینی سیمی میکرۆفۆنو بڵیندگۆکان, ڕێپێوانەکەیان تێك دا. هێزە سەرکوتکەرەکانی بەناو ئینتیزامی هێرشیان کردە سەر لاوەکانو کۆمەڵێك لەو لاوانەیان دەستگیر کرد, بەڵام لاوە بەهەستو شۆڕشگێڕەکان, هەڵمەتیان بردە سەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمو هەندێ لەو لاوانەیان لە چنگ هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم رزگار کردو بەو چەشنە ڕێپێوانە دەستکردو دەوڵەتییەکەی ١٣ی خەزەڵوەریان گۆڕی بۆ خۆپیشاندان دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شایانی باسە لەو ڕووداوەدا چەند لاوی ئەو شارە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستگیر کراونو ڕەوانەی بەندیخانە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کراون.

## راگەیەندراوی رۆشنبیرانی کوردستانی رۆژهەڵات
### دژی پیلانی نوێی کۆمۆنیزمی مەنسوور حیکمەت

هەموو لایەك ئاگادارین, تاقمی مەنسوور حیکمەت لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات, بەردەوام پرۆژەی پیلانو تاوان, ئاژاوەنانەوە, دژایەتی نەتەوەخوازی/ناسیونالیزمی کوردی, بێحورمەتیکردن بە کەرامەتو کەسایەتیی ژنی کوردیان پەیڕەو کردوەو بە بیستنی "کوردستانو کوردو کوردایەتی" تووشی سەرئێشە ئەبن.

ئەم تاقمە ـ تاقمی کۆمۆنیزمی جینسیی/ حیکمەت لە پیلانی تازەیاندا هێرشیان کردۆتە سەر شاعێری نەتەوەیی کورد, مامۆستا جەلال مەلەکشا, ئەو شتانەی رەوای باڵای خۆیانە ئاراستەیان کردوەو بەمەشەوە نەوەستانو جارێکی دیکە هێرشیان کردۆتە سەر نەتەوەخوازی/ناسیونالیزمی کوردی.

بۆیە ئێمە ـ کۆمەڵێك لە شاعیران, نووسەران, توێژکارانو رۆژنامەوانانی کورد ـ وەك ئەرکێکی نەتەوەیی, وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر کەسایەتیی دوور لە خیانەتو ستەمی مامۆستا جەلال مەلەکشا, شێعرەکانی بە ئاوێنەی رەنجو ژانو بریاکانی نەتەوەکەمان دەزانینو هەروەها جارێکیتر سیاسەتی دژی گەلیی حیکمەتیەکان مەحکووم دەکەینو دەیلێینەوە, ناسیونالیزمی کوردی هەقانیەتو رەوابوونی چەسپاوەو رۆڵەکانی گەل ئاگادار دەکەینەوە لە بەرانبەر پیلانە کۆنو نوێیەکانی ئەم تاقمە دژی گەلییەدا وشیارانە بجوڵێنەوە.

لە کۆتاییدا لە سەرجەم هاوڕێیانو هاوسەنگەرانمان لە سەرانسەری جیهاندا دەخوازین لە بەرانبەر زمان درێژیو بیری دژی گەلی جەماعەتی کۆمۆنیزمی حیکمەت/جینسیدا بێدەنگو بێهەڵوێست نەبن.

١ـ کاوە حسەین پەناهی ٢ـ ئێجلال قەوامی ٣ـ مادح ئەحمەدی ٤ـ ئارش ساڵح ٥ـ بەختیار کەریمی ٦ـ سدیق مینایی ٧ـ نیعمەت ئەسەدی ٨ـ ناسێح رەحمانی ٩ـ کورش عەلیرەمایی ١٠ـ بەیان عەلیرەمای ١١ـ هیوا سەیدی ١٢ـ فایەق سەیدی ١٣ـ ئیبراهیم موحەممەدی ١٤ـ سەید وەفا حسەینی ١٥ـ نەوشیروان موحەممەدی ١٦ـ ئایدا ئاغامیری ١٧ـ شەیدا سواری ١٨ـ فەرانەك سواری ١٩ـ سەیران مەهابادی ٢٠ـ هێرۆ مێهرشاد ٢١ـ سەیران تەوحیدی ٢٢ـ عەلی رەفیعی ٢٣ـ ئومید ئەحمەدزادە ٢٤ـ موحەممەد ئەحمەدی ٢٥ـ شەریف وەکیلی ٢٦ـ رەئووف مەولایی ٢٧ـ محەممەدسدیق نەقشبەندی ٢٨ـ مەسعوود بارامی ٢٩ـ ئەمجەد کەریمی ٣٠ـ خالد جوڵایی ٣١ـ مەهناز پیرخزری ٣٢ـ جەهانگیر غەفاری ٣٣ـ ناسر باباخانی ٣٤ـ سەعید نەجاری ٣٥ـ هیوا مەنوچێهری ٣٦ـ عەتا مێهربانی ٣٧ـ موختار هووشمەند ٣٨ـ مەحموود پاتیمار ٣٩ـ مادی موڕادی ٤٠ـ نەسرین جەعفەری ٤١ـ شاناز ئەلیاسی ٤٢ـ حسەین عەزیزی ٤٣ـ ئەسکەندەر مورادی ٤٤ـ فەرزاد ئاریا ٤٥ـ شێرکۆ جیهانی ٤٦ـ سەلاحەدین ئاشتی ٤٧ـ محەممەد غەفاری ٤٨ـ سەلاح ئەمینی ٤٩ـ عارف نادری ٥٠ـ ئاریا مەردووخی ٥١ـ لوقمان حیسامی ٥٢ـ ئیبراهیم مەردووخی ٥٣ـ میدیا کەرکووکی ٥٤ـ بێهزاد کوردستانی ٥٥ـ ئارام مستەوفی ٥٦ـ نامێق بارامی ٥٧ـ بەهمەن شابازی ٥٨ـ یەحیا سەمەدی ٥٩ـ سەباح هەورامی ٦٠ـ ئەحمەد بەحری ٦١ـ ئەسرین جەعفەری ٦٢ـ کولسووم عوسمانپوور ٦٣ـ جەمیلە ئەمینی ٦٤ـ رۆژین سەیدی ٦٥ـ فەرەیدوون ئەحمەدیار ٦٦ـ شاناز موسەفا ٦٧ـ جەمال تەها ٦٨ـ ح.س.سۆران ٦٩ـ گەزیزە مامڵێ. ٧٠ـ خالید ئەمانی ٧١ـ عەبدوڵڵا ئەبریشەمی ٧٢ـ عەزیز محەممەدپوور ٧٣ـ مادی خوێندڵ

✻ ✻ ✻

# هەواڵی چالاکییەکانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

### دیداری نوێنەری حیزب لە ئیسپانیا لەگەڵ یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیادا

ڕۆژی هەینی, ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/١٥ی زایینی, هاوڕێ رەحیم قادری, نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئیسپانیا, لەگەڵ کەسی دووهەمی وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا, بەڕێز بیرناردینۆ لئۆن Bernardino Leon کۆبووەوە.

سەرەتا هاوڕێ رەحیم قادری لە لایەن بەڕێز ئالبێرتۆ مۆرینۆ, جێگر لە وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست, بە گەرمی پێشوازیی لێکراو مەسەلە پێوەندیدارەکان بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە خرانە بەرباسو لێدوان. دواتر دیداری نوێنەری حیزب لەگەڵ بەڕێز بێرناردۆ لیۆن دەستی پێکردو لەو دانیشتنەدا, بە درێژی لەسەر رەوشی ئێرانو کوردستانو خەباتی حیزبی دێموکرات, ئۆپۆزیسیۆنی ئێران, پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی ئێران, بەرنامەی پەرەپێدانی چەکی ناوکی لە لایەن ڕێژیمی ئێران, سیاسەتە گێرەشێوێنییەکانی ئێران لە وڵاتی عێراق, پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست, باسو وتووێژ کراو هەردوولا بیروڕایان سەبارەت بەو کێشانە بۆ لایەنی بەرامبەر روون کردەوە. هەر دوو لا لەو دیدارەدا جەختیان لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتی ئیسپانیاو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردەوە. لەو دیدارەدا, بڕیار درا لە داهاتوودا نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەڕێز "خۆزە ئانتونیو ئوری", جێگری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە, کۆبێتەوەو مەسەلە پێوەندیدارەکان تاوتوێ بکرێن.

### دامەزرانی فیدراسیۆنێکی یاسایی بۆ کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئوتریش

بەپێی هەواڵێك کە لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریس بە دەستمان گەیشتوە, بە هەوڵو کۆششی کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان فیدراسیۆنێکی یاسایی بۆ هاوکاری کوردەکان لە کێشە پێوەندیدارەکانیان لە وڵاتی ئوتریش پێك هات. بە بۆنەی دامەزرانی ئەو فیدراسیۆنەوەو هەروەها بە مەبەستی گوێگرتن بۆ پێشنیاری کوردەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە, ڕێورەسمێك لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/١٠, بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی چوارپارچەی کوردستان پێك هاتو هەندێ پێشنیاری بەنرخ لەسەر چۆنیەتی کاری فیدراسیۆن لەو کۆبوونەوەیەدا خرانە روو.

ئەندامانی دامەزرێنەری فیدراسیۆن بریتین لە:

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢ـ پارتی دێموکراتی کوردستان
٣ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
٤ـ حیزبی شیوعیی کوردستان
٥ـ حیزبی سوسیالیستی دێموکراتی کوردستان
٦ـ پارتی پێشکەوتووی دێموکراتی کوردستان (سوریە)
٧ـ حیزبی سوسیالیستی کوردستان

شایانی باسە کە ئەو ڕێورەسمە سێ سەعات درێژەی کێشاو بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

✻ ✻ ✻

### بەڕێوەچوونی سمینارێك لەسەر فیدرالیزم لە وڵاتی سوئێد

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یۆتوبۆریی سوئێد, سمینارێکی لە ڕۆژی یەکشەممە, ڕێکەوتی ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤, لەسەر فیدرالیزمو ڕەهەندەکانی بۆ هاوڕێیان, ئیبراهیم سەعیدیو حیسام حەیدەری پێك هێنا.

سمینارەکە لە کاتژمێر ٢:٢٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکردو بەڕێوەبەرانی سمینارەکە بەوردی لایەنەکانی فیدرالیزمیان تاوتوێ کردو تیشکیان خستە سەر لایەنە یاساییو مێژوویییەکانیو گرنگی پەسندکرانی دروشمی فیدرالیزمیان لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبدا وەك هەنگاوێکی شیاوو کاریگەر لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەقەڵەم دا.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا, نۆرە گەیشتە سەر هێنانەگۆڕی پرسیارەکانو بەڕێزانی بەڕێوەبەری سمینار, بە وردی وەڵامی پرسیاری بەشداربووانیان دایەوە.

سمینارەکە پاش سێ سەعات کاری بەردەوام لە کاتژمێر ٥ی پاشنیوەڕۆدا کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

✻ ✻ ✻

### هەلومەرجی دژواری پەنابەرانی کورد لە وڵاتی تورکیە، بابەتی وتووێژی نێوان جێگری بەپرسی نوێنەرایەتیی حیزبو بەڕێز "ئاکیف ئاتلی" بەرپرسی پەنابەرانی ئێرانی

ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/١٥, بەڕێز دوکتور خوسرەو عەبدوڵڵایی ـ جێگری بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات ـ دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز "ئاکیف ئاتلی" بەرپرسی پەنابەرانی ئێرانی ئەنجام دا. لەو دیدارەدا هەلومەرجی دژواری پەنابەرانی ئێرانی بە گشتیو بەتایبەت ئەو پەنابەرە کوردانەی کە لە کوردستانی عێراقەوە گەیشتوونەتە تورکیە تاوتوێ کرا. لەو دانیشتنەدا, کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی تیشکی خستە سەر هەلومەرجی دژواری ئەو پەنابەرانەو داوای لە بەڕێز "ئاکیف ئاتلی" کرد, کە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران چارەسەرێکی شیاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە. بەڕێز ئاتلی لە وەڵامدا گوتی: وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەرجارە کۆمەڵێکی کەم لە پەنابەران لە وڵاتەکانیاندا قەبووڵ دەکەنو ئەوانەش کە قەبووڵ دەکرێن درەنگ دەگەیەنە شوێنی مەبەست. بەڕێز ئاتلی لەو دیدارەدا, بەڵێنیدا کە لە سەفەری چەند ڕۆژی داهاتووی خۆیدا بۆ وڵات سویس, کێشەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە وڵاتی تورکیە لەگەڵ کۆمیسارییای بەرزی پەنابەراندا بخاتە بەرباس.

✻ ✻ ✻

### کومیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند, هاوکات لەگەڵ بەشداری لە "سمیناری ڕەهەندە جیاوازەکانی تیرۆریزم"دا, تیشك دەخاتە سەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٢٩, بە بەشداری نزیکەی ١٤٠ کەس لە کەسایەتییە سیاسی, نیزامیو ئاکادیمییەکانی فینلاندو نوێنەری ڕێکخراوە دەوڵەتیو نادەوڵەتییەکان, سمینارێك لە ژێر سەردێڕی "مێژوو و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی تیرۆریزم" لە زانکۆی ئەفسەریی شاری "هامینا"ی وڵاتی فینلاندا بەڕێوەچوو. لەو سمینارەدا چەندین کارناسو مامۆستای زانکۆ, وتارو بابەتیان لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزمو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی لە رابردوو و ئێستاو دوورە دیمەنی ئەو دیاردە دزێوو مەترسیدارە پێشکەش کرد. وەزیری بەرگریی فینلاند, بەڕێز "سێپپۆ کەریەینێن" لەو سمینارەدا, سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتی فینلاندی بۆ خەبات دژی دیاردەی دزێوی تیرۆریزم شی کردەوە. شایانی باسە هاوڕێ مەجید حەقی بە نوێنەرایەتیی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وڵاتەدا, بەشداری ئەو سمینارە بوو. هاوڕێ مەجید هەقی لە دەرفەتی ئەو سمینارەدا, چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەندێ لەو کارناسانە کردو تیشکی خستە سەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو پێوەندییەدا شیکردەوە.

### بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی "ژن, قوربانیی کێشەکان" لە پارلمانی فینلانداو بەشداری نوێنەری حیزب لەو کۆنفرانسەدا

بەپێی هەواڵێك کە لە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاندەوە بە دەستمان گەیشتوە, ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٢٩ کۆنفرانسی "ژن, قوربانیی کێشەکان" لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا پێك هات. مەبەست لە پێکهاتنی ئەو سمینارە تاوتوێکردنی ڕەوشی ژنان لەو کۆمەڵگایانەدا بوو, کە بە دەستی شەڕو توندوتیژییەوە دەناڵێننو تووشی قەیرانی قووڵی سیاسیو کۆمەڵایەتی بوون. لەو سمینارەدا کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە نوێنەرانی ڕێکخراوە دەوڵەتیو نادەوڵەتییەکان بەشدار بوون, تیشك خرایە سەر هۆکاری ئەو قەیرانانەو ڕێگاچارەی دەربازبوون لەو گرفتە کۆمەڵایەتیو سیاسییانە خرانە روو. شایانی باسە بەپێی بانگهێشتنی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی فینلاند, هاوڕێ خەلیل عەلیزادە, ئەندامی بەشی پەیوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران, بە نوێنەرایەتی لە لایەن کومیتەی فینلاندی حیزبەوە, بەشداری ئەو سمینارە بوو.